سەرۆک بارزانی: سەقامگیریی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخە



رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (6016) دووشەممە 5ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



دوێنێ یەکشەممە ٤ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە فاڵح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و فەریق عەبدولئەمیر یارووڵڵا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و تەحەددیاتی هەنووکەیی و هەڕەشە ئەمنییەکانی بەردەم سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کران. هەروەها بیروڕا لەبارەی هەماهەنگیی ئەمنی و کاری هاوبەشی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان ئاڵوگۆڕ کرا.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر پێویستی گرتنەبەری هەنگاوی جددی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ـی دەستووری عێراق کرایەوە. لەم دیدارەدا سەرۆك بارزانی پشتگیریی خۆی بۆ پڕۆسەی سیاسیی عێراق دووپات کردەوە و ڕاشیگەیاند کە سەقامگیریی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخە.

فازڵ نەبی:
عێراق لەبەردەم مەترسی دارووخانێکی گەورەی ئابووریدایە



بڕیکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە گرفتی گەورەی ئابووریی عێراق نەبوونی پلانی ستراتیژییە، ئەمەش وایکردووە نەتواندرێت وڵات بە باشی بەڕێوە ببرێت، دەڵێت: پیموانەبوو عێراق نەتوانێت موچە بدات، چونکە ساڵی 2015 و 2016 من لە بەغدا بووم، وەزعەکە وەکو ئێستا بوو، کەچی توانیمان موچە بدەین، ئێستا بۆ من مایەی سەرسوڕمانە، عێراقی دەوڵەمەند بە نەوت و غاز، بۆ ناتوانێت موچە بدات لەکاتی خۆیدا!

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



لە هەولێر 54 هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ دەکرێن

7



ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ دووشەممە بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند تەوەرێك ئەنجام دەدرێت. پێشتر دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٨ی ئاساییی خولی پایزەی ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی 2020/10/5ی ڕاگەیاند و بەپێی کارنامەکەش لەسەر داوای سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، گفتوگۆ لەسەر چەند تەوەرێك دەکرێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

دواکەوتنی موچە ناکۆکیی لە نێوان حکوومەتەکەی کازمی و پەرلەمانی عێراق دروست دەکات



ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیێنێت، تاوەکو ئێستا حکوومەت یاسای قەرزی ڕەوانەی پەرلەمان نەکردووە و حکوومەت موچە وەکو کارتی گوشار لە دژی پەرلەمان بەکاردەهێنێت تاوەکو یاسای قەرزی بۆ پەسەند بکرێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

د. عەلا مەکی: ناکرێت هێزە میلیشیاکانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی کێشە دروست بکەن

سەرکردەی سوننەکان دکتۆر عەلا مەکی دەڵێ: پێویستە هێزە میلیشیاکان لە عێراق خۆیان یەکلا بکەنەوە، کە ئایا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی دەکەن یاخود بۆ عێراق بێت، ئەگەر بۆ عێراق بێت، پێویستە سیاسەتی حکوومەتی عێراق جێبەجێ بکەن، نەك دژی بن وەکو ئەوەی ئێستا هەیە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە پاڵپشتی دامەزراوە گەورەکانی دونیا بۆ عێراق نامێنێت

فازڵ نەبی: عێراق لەبەردەم مەترسی داڕووخانێکی گەورەی ئابووریدایە

بڕیکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە گرفتی گەورەی ئابووریی عێراق نەبوونی پلانی ستراتیژییە، ئەمەش وایکردووە نەتواندرێت وڵات بە باشی بەڕێوە ببرێت، دەڵێت: پیموانەبوو عێراق نەتوانێت موچە بدات، چونکە ساڵی 2015 و 2016 من لە بەغدا بووم، وەزعەکە وەکو ئێستا بوو، کەچی توانیمان موچە بدەین، ئێستا بۆ من مایەی سەرسوڕمانە، عێراقی دەوڵەمەند بە نەوت و غاز، بۆ ناتوانێت موچە بدات لەکاتی خۆیدا!

فازڵ نەبی بڕیکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ دەنگی ئەمەریکا پێشبینی دۆخێکی خراپتر لە عێراق لەڕووی ئابوورییەوە دەکات، ئەگەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دابخرێت، پێیوایە عێراق تووشی داڕووخانی ئابووری دەبێت و دواتریش لەڕووی سیاسیشەوە دادەڕمێت.

فازڵ نەبی دەشڵێت: دەبێت سیاسییەکانی عێراق بیر لە بەرژەوەندی وڵات بکەنەوە، واز لە دەرکردنی ئەمەریکا و لێدان لە باڵیۆزخانەکان بهێنن، ئەگینا وەزعەکە زۆر لەوە خراپتر دەبێت کە خەڵک تەسەوڕی دەکات.

فازڵ نەبی، ڕوونیشیکردەوە ئەمەریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی لەڕووی ئابوورییەوە زۆر دەعمی عێراق دەکات، گوتی: من 10 ساڵ بڕیکاری وەزیری دارایی بووم، ئەزانم ئەمەریکا چی بۆ کردووین، لە تەنگەژەی ئابووری ڕزگاری کردووین، دەعمی ئەمەریکا لە مەسەلەی پێدانی قەرزە، لە مەسەلەی لێکتێگەیشتنە لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، هێنانی کۆمپانیایە بۆ کارکردن لە عێراق، دڕێژکردنەوەی مامەڵەی عێراقە لەگەڵ ئێران لە مەسەلەی غاز و کارەبا، ئەوانە دەعمی گەورەن، ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە، دەعمی دامەزراوە گەورەکانی دونیا بۆ عێراق نامێنێت، عێراق سزا دەدرێت و ئەمەریکا دەکەوێتە دۆزمنایەتی عێراق. سەبارەت بە کاریگەری



خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا لەسەر هەرێمی کوردستان، فازڵ نەبی گوتی: هەرێم بەشێکە لە عێراق، ڕاستە هەرێم لە گرنگی هاوپەیمانان تێگەیشتووە و دۆستایەتیان دەکات، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ، لەو کێشانەی دووچاری عێراق دەبن، پریشکەمان بەر دەکەوێت، چونکە بەشێکین لە عێراق، مانگانە 320 ملیار دینارمان لە عێراقەوە بۆ دێت.

بڕیکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق، جەختیکردەوە داڕووخانی عێراق لەڕووی ئابوورییەوە، کاریگەری خراپی لەسەر هەرێم دەبێت، چونکە لە مەسەلەی دەرهێنانی نەوت و ناردنی بودجە، مامەڵە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، ئەگەر عێراق داڕووخا، ناتوانێت دەعمی هەرێم بکات، ئەوکات هەرێمیش تووشی هەمان کێشەی عێراق دەبێت. هۆشداریدا لە خراپی دۆخی ئابووریی عێراق، لەکاتێکدایە عێراق مانگانە پێویستی بە 6 ملیار دۆلارە بۆ خەرجی داموەزگەکانی، بەڵام داهاتی مانگانەی لە ئێستا بۆ سەرووی 3 ملیار دابەزیوە.

د. عەباس کازم بۆ (خەبات):

ڕێککەوتی کۆچی دوایی مام جەلال و ڕۆژی نیشتمانیی عێراق هیچ ناڕێکییەکی تێدا نییە

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

دوای ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای ڕۆژی نیشتمانیی عێراقی خستەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی نیشتمانیی عێراق دەستنیشانکردووە، ناڕەزایی لەناو بەشێک لە پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی لێکەوتەوە بەو پێیەی ٣ی ئۆکتۆبەر دەکاتە یادی کۆچی دوایی سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی.

لەسەر ئەم بابەتە بەشێک لە ڕۆشنبیر و سیاسی و ئەکادیمییەکانی عێراق بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە و زۆربەیان پێیانوایە ئەو بەرواڕە ئەگەر لە هەمان کاتدا



ڕۆژی نیشتمانی و یای کۆچی دوایی سەرۆککۆمارێکی عێراقیش بێت، هیچ ناجۆری و ناڕێکییەکی تێدا نییە.

د. عەباس کازم ئەکادیمی و کەسایەتیی ڕۆشنبیریی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: ناڕەزایی دەربڕین لەسەر ڕێککەوتنی ڕۆژی نیشتمانیی عێراق و کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلال کە دەکاتە ٣ی ئۆکتۆبەر شتێکی ئاساییە و گەورەییە بۆ سەرۆکی کۆچکردوو مام جەلالیش، د. عەباس کازم لە درێژەی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕێککەوتنی یادی کۆچی دوایی دووان لە سەرکردە گەورەکانی دروستکاری ئەمەریکا و ڕۆژی نیشتمانیی ئەمەریکا وەبیردێنێتەوە و دەڵێ: تۆماس جیفرسۆن و جون ئادمز هەردووکیان لە ٤ی تەممووز مردوون و ئەوەش نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی نیشتمانیی ئەمەریکا دەستنیشان نەکرێت و هیچ کەسێکیش لە ئەمەریکا ئەمە بەشتێکی نامۆ نازانێت.

هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر هێڵی بۆری گازی سروشتی لە کەرکووک




بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک، عەلی کەمال رایگەیاند کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشی کردووەتە سەر بۆری گازی سروشتی لە کێڵگەی نەوتی خەبازە باشووری شاری کەرکووک .

عەلی کەمال ئاشکرای کرد کە تیرۆریستانی داعش لە دووری بۆمبیان بە بۆرییەکەدا تەقاندووەتەوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ڕاشیگەیاند کە دوای تەقینەوەکە ئاگر کەوتەوە و ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە ڕەوانەی ناوچەکە کران. ئەمەش لەکاتێکدایە ماوەیەک جموجۆڵەکانی داعش لە سنوورەکە زیادیان کردووە، چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر هاوواڵتیان و خاڵەکانی سوپا و هێزە میلیشیاکانی عێراق، هەروەها هێزەکانیش ناتوانن وەک پێویست سنوورەکان بپارێزن.

جیهان..

ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا نزیکبوونەتەوە بۆ زیاتر لە 35 ملیۆن کەس



ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەرتاسەری جیهاندا، نزیکبوونەتەوە لە 35 ملیۆن و 140 هەزار .

بەپێی ئەو داتایانەی کە لە ماڵپەڕی «Worldometer» لەبارەی ئامارەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرتاسەری جیهان دوێنێ بڵاوکرای کردەوە، ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە لە سەرتاسەری جیهان، گەیشتووەتە ٣٥ ملیۆن و ١٣٩ هەزار و ٦٩٩ کەس. تا ئێستاش یەک ملیۆن و ٣٨ هەزار و ٢١ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ٢٦ ملیۆن و ١٢٨ هەزار و ٤١٠ تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و چارەسەری حەوت ملیۆن و ٩٧٣ هەزار و ٢٦٨ توشبووی دیکەش بەردەوامە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە زۆرترین ڕێژەی حاڵەتەکانی تیادا تۆمارکراوە کە حەوت ملیۆن و ٦٠٠ هەزار و ٨٤٦ کەسن و ٢١٤ هەزار و ٢٧٧ کەسی تووشبووی ڤایرۆسەکەش گیانیان لەدەستداوە.



د. عەلا مەکی: ناکرێت هێزە میلیشیاکانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی کێشە دروست بکەن

پێویستە چیتر ڕێگە بە میلیشیاکانی عێراق نەدرێت کە بە ئاڕەزووی خۆیان هەرچی بیانەوێت بیکەن

سەرکردەی سوننەکان دکتۆر عەلا مەکی دەڵێ: پێویستە هێزە میلیشیاکان لە عێراق خۆیان یەکلا بکەنەوە، کە ئایا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی دەکەن یاخود بۆ عێراق، ئەگەر بۆ عێراق بێت، پێویستە سیاسەتی حکوومەتی عێراق جێبەجێ بکەن، نەک دژی بن وەکو ئەوەی ئێستا هەیە.

دکتۆر عەلا مەکی، سیاسەتمەدار و سەرکردە لە هاوپەیمانیی نیشتیمانیی عێراقی، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە، حکوومەتی عێراق هاوکاریی هێزە میلیشیاکان دەکات و پێویستە سیاسەتی حکوومەتی عێراقیش جێبەجێ بکەن، نەک کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی بکەن، وەکو ئەوەی ئێستا کە دەبینین چۆن پشێویی ئەمنییان لە عێراق دروستکردووە.

مەکی گوتیشی: پێویستە میلیشیاکان لەلایەن حکوومەتی عێراق یەکلا بکرێنەوە و چیتر ڕێگەیان پێ نەدرێت هەرچی ویستییان بیکەن و بە ئاڕەزووی خۆیان دژی وڵاتانی هاوپەیمانی عێراق بوەستنەوە، چونکە ئەوانە دۆستی عێراقن و هاوکاریی ئەو وڵاتەیان کردووە، بە تایبەت ئەمەریکا کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان عێراق و ئەمەریکا هەیە و من خۆم کاتی خۆی لەو ڕێککەوتنەدا بەشداریم کردووە، بۆیە ناکرێت ئێستا ئەو هێزانەی میلیشیان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دەرەکی بێن کێشە بۆ عێراق دروست بکەن و ڕۆژانە مووشەک ئاراستەی نوێنەرایەتیی ئەوان بکەن، بۆیە تا ئەو هێزانە یەکلا نەکرێنەوە، دۆخەکە خراپتر دەبێت و بەرەو باشتر ناچێت.



ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت



ئەمڕۆ دووشەممە بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند تەوەرێك ئەنجام دەدرێت.
پێشتر دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٨ی ئاسایی خولی پایزەی رۆژی دووشەمە رێککەوتی 2020/10/5ی راگەیاند و بەپێی کارنامەکەش لەسەر داوای سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، گفتوگۆ لەسەر چەند تەوەرێك دەکرێت.
لە کارنامەکەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٨ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێککەوتی 2020/10/5، بەمشێوەیە بێت:
لەسەر داوای بەڕێز (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) خستنەڕوو و گفتوگۆکردن بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە بەئامادەبوونی بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری)ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان -عێراق، بەپێی حوکمی بڕگەی (دووەم)ی مادەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.
یەکەم: هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە موچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠.
دووەم: بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی موچە.
سێیەم: دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدراڵ.
چوارەم: بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
پێنجەم: لێکەوتەکان و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.
رۆژی ٢٦ی ئەیلوول، مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە دانیشتنێك رێك بخات و تیایدا نامادە بێت و گوتارێکیش لە چوارچێوەی چەند بابەتێکی هەنووکەیی پێشکەش بکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی دەکات

جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور کرایەوە



دوێنێ یەکشەممە 2020/10/4 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و فەریق عەبدولئەمیر یارەڵلا سوپاسالاری عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و گرنگیی هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور کرایەوە.

بەرپرسی هەواڵگریی داعش و یاریدەدەرێکی لە بەغدا دەستگیرکران

وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوی کردەوە، بەرپرسی هەواڵگریی داعش و یاریدەدەرێکی لە بەغدای پایتەخت دەستگیرکراون.
لە راگەیەندراوێکدا، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوی کردەوە کە لە میانی تۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی بەرێوەبەرایەتی هەواڵگریی بەغدا و هەواڵگریی پۆلیسی فیدرال، یەکێك لە سەرکردەکانی داعش و برایەکی کە یاریدەدەری بووە، دەستگیرکراون.
بەپێی راگەیەندراوەکە، ئەو گەورە تیرۆریستییەی کە دەستگیرکراوە بەرپرسی هەواڵگریی ویلایەتی فەلوجە بووە سەر بە داعش کە بە ئەبو سالم مەولا ناسراوە. لە راگەیەندراوەکەدا رووڵکراوەتەوە، ئەو دوو تیرۆریستەی داعش دوای چاودێریکردنیان کە لە قەزای فەلوجەوە رووبان لە بەغدا کردبوو و لە ناوچەی دۆرە باشووری بەغدا دەستگیرکراون. باس لەوەشکراوە کە لە میانی لێکۆڵینەوە بەرایەکاندا، دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەداناوە کە ئەندامی رێکخراوی تیرۆریستیی داعشن و بەشداربیان لە چەندین کردەی تیرۆریستی دژبە هێزە ئەمنییەکان و هاوواڵتیانداکردووە. لە کۆتایی راگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەو دەستگیرکراوانە، دەستبەسەرکراون بە ئامانی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی.

دواکەوتنی موچە ناکۆکیی لە نێوان حکوومەتەکەی کازمی و پەرلەمانی عێراق دروست دەکات

جەمال کۆچەر: ئەگەر ئێستا حکوومەت پرۆژەیاسای قەرز ڕەوانەی پەرلەمان بکات، ١٠ بۆ ١٥ ڕۆژی پێویستە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ بکرێت

لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق: عێراق لە ماوەی شەش مانگی دیکەدا مایەپووچبوونی خۆی رادەگەیەنێت

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیێنێت، تاوەکو ئێستا حکوومەت یاسای قەرزی ڕەوانەی پەرلەمان نەکردووە و حکوومەت موچە وەکو کارتی گوشار لە دژی پەرلەمان بەکاردەهێنێت تاوەکو یاسای قەرزی بۆ پەسەند بکرێت.

د. جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بە ڕووداوی ڕاگەیاندووە تاوەکو ئێستا حکوومەتی عێراق پرۆژە یاسای قەرزی بۆ پەرلەمان نەناردووە، کەچی د. عەلی عەلاوی، وەزیری دارایی عێراق بەشێوەیەك قسە دەکات وەك بڵێی هەموو کارەکان تەواوبووە و تەنیا پەرلەمان ماوە و چاوەڕێی پەرلەمان دەکات بۆ ئەوەی یاسای قەرز پەسەند بکات و دەست بە دابەشکردنی موچە بکات.
ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر ئێستا حکوومەت پرۆژە یاسای قەرز ڕەوانەی پەرلەمان بکات، ئەوا لانیکەم 10 بۆ 15 ڕۆژی پێویستە تاوەکو لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ دەکرێت و پەسند دەکرێت.
د. جەمال کۆچەر پێیوایە، حکوومەتی عێراق پارەی ئەم مانگەی موچەی لەبەردەستە، بەڵام وەکو کارتێکی گوشار لە دژی پەرلەمان بەکاریدەهێنێت تاوەکو یاسای قەرزی بۆ پەسند بکات، لەکاتێکدا پێشتریش پەرلەمان یاسای قەرزی پەسەندکرد، کە 15 تریلیۆن دینار قەرزی ناوخۆیی و پێنج ملیار دۆلاریش قەرزی دەرەکییە.
دوێنێ یەکشەممە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند لەکاتێکدا زۆر چاوەڕوان بووین حکوومەت و وەزارەتی دارایی دەقی یاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی جێبەجێ بکەن، کە پەرلەمان لە 24ی حوزەیرانی ئەمساڵ پەسندی کرد و 60 ڕۆژی دیاریکرد بۆ پێشکێشکردنی پلانی چاکسازیی ئابووری و دارایی، کەچی تووشی سەرسوڕمان بووین بە پرۆژە یاسایەکی دیکەی قەرزوەرگرتن.
لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕاشیگەیاند: وەك بڵێی کاری وەزارەتی دارایی تەنیا بریتییە لە قەرز وەرگرتن، کە ئەگەر بەردەوامبێت، ئەوا عێراق لە ماوەی شەش مانگی دیکەدا مایەپووچبوونی خۆی رادەگەیێنێت، بۆیە دەپرسین دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟ ئاخۆ ئەوە چارەیە؟ ئاخۆ ئەگەر نرخەکانی نەوت زیاتر دابەزین چی ڕوودەدات؟ لیژنەکەی پەرلەمانی عێراق دەڵێت پرسی موچە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە و ئەرکی حکوومەتە، هەر هەوڵێکیش بۆ فرێدانی تۆپەکە بۆ پەرلەمان بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی ناوەبات و دەڵێت بەداخەوە دەبینین حکومەت هەوڵدەدات تۆپەکە فرێداتە پێشی پەرلەمان و سەرپشکی دەکات وەرگرتنی قەرز پەسەند بکات، کە بەمزووانە دەبێتە هۆی لەناوچوون و مایەپووچبوون، کە نەوەکانی داهاتوو باجی دەدەن، هاوکات لێدوان دەدەن بۆ گوشارخستنەسەرمان بەرێگەی ئەوەی گوایە موچە نییە بەبێ پەسندکردنی وەرگرتنی قەرز، بۆ شەرمەزارکردنی پەرلەمان و تێکەڵکردنی کارتەکان.

وەیسی سەعید:

ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە پەرلەمان دەرخەری ئەوەیە حکوومەت بەرانبەر خەڵک و پەرلەمان شەفافە



ئەمڕۆ دووشەممە 5/10/2020 پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی حکوومەتیش لە پەرلەمان پوختەیەك لەبارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکان و لێکەوتەو هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا دەخاتەڕوو.
وەیسی سەعید، ئەندامی لیژنەی دەسپاکی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ کوردستان24 رایگەیاندووە: ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان لەسەر داوای خۆی، جدیەتی حکوومەت لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی نیشان دەدات، دەرخەری ئەوەشە، کە کابینەی نۆیەم بەرانبەر خەڵك و پەرلەمانیش شەفافە.
ماوەی 3 مانگە یاسای چاکسازی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، حکوومەت و پەرلەمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە هەر 3 مانگ جارێك حکومەت قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات، وەك دکتۆر محەمەد زراری، پسپۆڕی دارایی و ژمێریاری جەخت دەکاتەوە، شەفافیەت لە هەموو کەرتەکان خاڵێکی سەرەکی کارنامەی کابینەی نۆیەمە.
ئەمە لەکاتێکدایە، هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی ماددەی 66 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوای کۆبوونەوەی کردبوو، بەگوێرەی بانگهێشتنامەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرجەم پەرلەمانتاران ئاگادار دەکاتەوە، کاتژمێر 10ی بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە ئامادەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بن.



ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە

ژمارەی تووشبووان ٥٠ هەزار کەسی تێپەڕاند و هەزار و ٨٢٦ کەسیش گیانیان لەدەستداوە

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوێنێ ئێوارە ئاماریکی نوێی راگەیاند و بەگوێرەی ئامارەکە٦٢٠ تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون و ٣٢٤ کەس چاکبوونەتەوە، هەروەها ١٩ کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە. ئەمەش لەکاتێکدایە ژمارەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە. بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا ٥٠ هەزار کەسی تێپەڕاندووە. لە راگەیەنراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان هاتووە تا ئێستا، ٤٨٦ هەزار و ٨٢٢ پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە کە لە ئەنجامدا، ٥٠ هەزار و ٢٤٨ حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراون. لەو ژمارەیەش تا ئێستا، ٣١ هەزار و ٩٩٦ کەسیان چاکبوونەتەوە و ١٦ هەزار و ٤٢٦ کەسیش لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان. تا ئێستا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان هەزار و ٨٢٦ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.



خێرخوازەکێ ئێزدی ل ئەلقۆش هاتە تیرۆرکرن

خەبات -ئالان شەهاب:

جەهودر عەلی بەگ نوێنەری میرێ ئێزدیان بۆ کاروبارێن پەیوەندیان دا ب خەبات ڕاگەهاند دوێنێ دەمژمێر ١١ بەری نیڤرۆ ڕێککەفتی ٢٠٢٠/١٠/٤ هندەك کەسێن نەنیاس هێرش کریە سەر ترۆمبێلا بەشیر کوری ل نێزیك گوندێ بێبانێ سەر ب ناحیا ئەلقوش د ئەنجام دا بەشیر کوری دهێتە کوشتن دناڤ ترۆمبێلا وی دا.

ناڤهاتی خویاکر بەشیر کوری ئێك ژ وان بازرگانێن مەزن بێن ئێزدی بۆ کارێن مەزن بێن خێرخوازی ئەنجام دان چەندین پرۆژێن خزمەتگوزاری و نوێژەنکرنا مەزارگەهێن ئاینی و هولێن بیرەوەریا دروست کرینە ئێکەم کارێ وی دروستکرنا مالا هێلینا سێویان بوو ل شاریا.

ناڤهاتی گوت: داخواز ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و ئیدارا ئەلقوش دکەین ب زیترین وەخت تاوانبارا دەستەسەر بکەن ژ بەر کو د ماوەیەکێ کێم دا ئەڤە دووەم ڕویدانە ل دەڤەرا شێخان دهێتە ئەنجام دان، ئەڤە دووەم کەساتیێ ئێزدی یە دهێتە کوشتن ئەڤە بازرگانە و یێ دی ژی کەساتیێ ئایینی بوو، بەلێ سوپاس بۆ هێزێن ئەمنی یێن شێخان کو بکۆژێ کوشتنا کەسایەتیێ ئایینی دەستەسەرکرن ئەم پشتراستین ئەو کەسێ بەشیر کوری ژی تیرۆر کری دهێتە دەستەسەرکرن

کەرکووک.. لە گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییدا خۆپیشاندەرێک کوژرا



دانیشتوانی گەڕەکی گۆڕەپانی ئاهەنگەکان باشووری کەرکووك، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان لە دژی ڕووخاندنی خانووەکانیان ئەنجامدا و چوونە بەردەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی خانووەکانیان دەڕووخاند، پاشان گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان دانیشتوانی گەڕەکەکە و هێزە ئەمنییەکان دروستبوو.

دوێنێ یەکشەممە بۆ دووەمجار قایمقامییەت و هێزە ئەمنییەکانی کەرکووك دەستیانکرد بە ڕووخاندنی خانووە زێدەڕۆکانی گەڕەکی گۆڕەپانی ئاهەنگەکان، ئەویش ناڕەزایەتی دانیشتوانی گەڕەکەکەی لێکەوتەوە و لە دژی ڕووخاندنی خانووەکانیان گردبوونەوە و چوونە بەردەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی خانووەکانیان دەڕووخاند، پاشان گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان دانیشتوانی گەڕەکەکە و هێزە ئەمنییەکان دروستبوو.

لە ئەنجامی گرژی و ئاڵۆزی نێوانیاندا و هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، هاووڵاتییەك بەناوی مستەفا خەلیل حەسەن بریندار بوو، پاش گەیشتنیشی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، هەروەها بەشداربوویەکی گردبوونەوە ناڕەزایەتییەکە بەناوی هوشیار یابە بریندار بوو.

حەسەن مستەفا بەشداربوویەکی گردبوونەوە ناڕەزایەتییەکەی ئەمڕۆی گەڕەکی گۆڕەپانی ئاهەنگەکان گوتی: هاتوون ماڵان دەڕووخێنن، خێزانەکان لەنێو ماڵەکاندابوون شۆفڵ خانووەکانی بەسەریاندا ڕووخاند، لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی کەرکووك بەشێك لەو خانوانەی ئەم گەڕەکە کە بەر پرۆژەی جاداوبان کەوتن و بەپێدانی خانوو قەرەبوو کرانەوە، بەڵام ئێستا خانووەکانمان دەڕووخێنن و هیچ قەرەبوویەکیشمان ناکەنەوە.

گەڕەکی گۆڕەپانی ئاهەنگەکان دەکەوێتە باشووری کەرکووك و لە سەردەمی بەعسدا ئەم ناوچەیە شوێنی تایبەت بە مەشق و ڕاهێنانی هێزە ئەمنییەکان بوو کە لە بنەڕەتدا ئەو زەویانە مواڵکی وەزارەتی وەرزش و لاوانە. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەشێك لە هاووڵاتییانی شاری کەرکووك لەسەر ئەو زەویانە خانوویان دروستکرد کە ژمارەیان ٣٠٠ خێزانە.

دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بە کوشتن و ڕفاندنی خۆپیشاندەران نەدراوەتە ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق، ڕایگەیاند تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو کەسانەی کە تاوانی کوشتن و ڕفاندنیان بەرانبەر بە خۆپیشاندەرانی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو ئەنجامداوە، بەدەستیان نەگەیشتووە و ئەو دەنگۆیەش کە لەوبارەوە بڵاوکراوەتەوە دووری لە ڕاستییەوە.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە دەنگۆی ڕادەستکردنی دۆسیەی تایبەت بەو کەسانەی کە تاوانی کوشتن و ڕەفاندنیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو ئەنجامداوە، بڵاوکردەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە تا ئێستا دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو کەسانەی کە تاوانی کوشتن و ڕفاندنیان بەرانبەر بە خۆپیشاندەرانی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لە سەردەمی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی-دا ئەنجامداوە، بەدەستیان نەگەیشتووە و ئەو دەنگۆیەش کە لەوبارەوە بڵاوکراوەتەوە دووری لە ڕاستییەوە.

لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیش هاتووە تا ئێستا تەنیا دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی کە پەیوەست نییە بە تۆمەتباران، بەدەستیان گەیشتووە.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە ڕوونکردنەوەکەیدا وەڵامی لێدوانێکی وەزیری بەرگریی پێشووی عێراقی داوەتەوە و ڕایگەیاندووە لە دۆسیەکەدا، ناماژە بە کەمتەرخەمی هیچ لایەنێك لە لێکۆڵینەوەکاندا نەکراوە. لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو زنجیرەیەك خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق دژ بە گەندەڵی، نەبوونی خزمەتگوزاری و دەرفەتی کار بەڕێوەچوون و بەوهۆیەوە حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستەکارکێشانەوە کرا.

لە میانی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق سەریانهەڵدا و بەهۆیانەوە حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستەکارکێشانەوە کرا، ٥٦٥ کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان کوژران. لە ٢٧ی تەموزی ڕابردوو، حکوومەتی عێراق لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتیی وەزیری بەرگری، جومعە عناد و وەزیری ناوخۆ، عوسمان غانمی پێکهێنا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی کوشتن و تیرۆرکردنی چالاکوانانی مەدەنی و سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق.



دیالە.. فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان ژمارەیەک حەشارگەی داعشیان بۆردوومانکرد

گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاوی کردەوە کە لەسەر فەرمانی فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ژمارەیەك حەشارگەی داعشیان لە ڕۆژئاوای پارێزگای دیالە کە تایبەتبوون بە چەك و تەقەمەنی بۆردومانکردووە. گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول زانیاری زیاتری لەوبارەوە نەخستووەتەڕوو.



حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

لە گفتوگۆکاندا ئەو نەهامەتییانە دەخرێنەڕوو کە رووبەڕووی گەلی کورد بوونەتەوە



حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات تایبەت بە خولی ١٩ی رێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە شۆنبزرکردنی زۆرەملێ. بڕیار وابوو لە سەرەتای مانگی نیسان کۆبوونەوەکانی خولی ١٩ی لیژنەی تایبەت بە رێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە شۆنبزرکردنی زۆرەملێ لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف بە بەشداری شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کۆبوونەوەکانی دواخرا و بڕیار درا لە رۆژانی پێنج و حەوتی تشرینی یەکەم لە بارەگای یۆنامی لە بەغدا ئەنجام بدرێت.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە بەشداریکردنی هەرێم لە چوارچێوەی لیژنەی نووسینەوەی راپۆرتەکانی تایبەت بەو رێککەوتننامە و پەیاننامە نێودەوڵەتییانەیە کە حکوومەتی عێراقی فیدرال ئەندامە تیایدا و لە کۆبوونەوەکاندا، حکوومەتی هەرێم گوتاری خۆی پێشکەش دەکات بە مەبەستی خستنەڕووی پابەندبوونەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بەو رێککەوتننامەیە.

دیندار زێباری ئەوەیشی خستوتەڕوو لە گفتوگۆکاندا، ئەو نەهامەتیانە دەخرێنەڕوو کە رووبەڕووی گەلی کورد بوونەتەوە، چونکە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی گەورەترین و مەترسیدارترین هێرشی کۆمەڵکوژی بووتەوە لەسەر دەستی رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق تا رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، یەکێك لەو تاوانانەی کە پیادە کرا بریتی بوو لە شۆنبزرکردنی زۆرەملێ و تیایدا بە هەزاران کەس لە عێراق بوونە قوربانی کە بەشی هەرەزۆریان لە کوردستان بوون.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی ئاشکراکردووە لە میانی کۆبوونەوە و گفتوگۆکاندا، شاندی حکوومەتی هەرێم تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە گەورەترین قوربانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بوون بە درێژایی مێژووی عێراق کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و شۆنبزرکردنی کوردە فەیلییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠ و ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و ١٨٢ هەزار کوردی بادینان و گەرمیان، ئەم تاوانانە دژ بە گەلی کورد بە کۆتایی هاتنی رژێمی بەعس کۆتاییان نەهات، بەڵکوو دوای هێرشی تیرۆریستانی داعشیش بەردەوام بوو بە هەزاران هاوواڵتی کوردی ئێزدی بێسەروشوێن کرد. لە راگەیەندراوەکەیدا، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردووتەوە کە پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیە یەکگرتووەکان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تەحەدیاتانە بێت کە رووبەڕووی هەرێم بوونەوە و مامەڵەی یاسایی بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ گیراوانی داعش.

ئەمەریکا زیاتر لە دوو هەزار سەربازی لە عێراق کشاندووەتەوە

مستەفا کازمی:

واشنتۆن لە کردنە ئامانجی نێردە دبلۆماسییەکان لە عێراق بێزار و نیگەرانە





سەرۆکوەزیرانی عێراق مستەفا کازمی رایگەیاند: ئەمەریکا دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازی لە عێراق کشاندووەتەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە واشنتۆن بە بەغدای راگەیاندووە کە بێزار و نیگەرانە لە کردنە ئامانجی نێردەکانی دیپلۆماتی.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی رایگەیاند، ئەمریکا دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازی لە عێراق کشاندووەتەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە واشنتۆن بە بەغدای راگەیاندووە کە بێزار و نیگەرانە لە کردنە ئامانجی نێردەکانی دیپلۆماتی. مستەفا کازمی لە دیدارێکی تەلەڤیزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی عێراقییە رایگەیاند، لە گفتوگۆی ستراتیجی لەگەڵ ئەمەریکا دەستکەوتی گەورەمان بەدەستهێنا. کازمی گوتی: رێککەوتن کرا لەسەر دووبارە بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و دەرچوون لە بنکە سەربازییەکان لە عێراق، لەو کاتەشەوە دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازی ئەمەریکی گواستراونەتەوە بۆ دەرەوەی عێراق. گوتیشی: بەر لە گەشتەکەم بۆ واشنتۆن لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییەکان کۆبوومەوە، هەندێکیان داوایان لێکردم لەبارەی کشانەوەی ئەمەریکا لەماوەی هەشت ساڵدا دانوستانیان لەگەڵدا بکەم، من دانوستاندنم لەگەڵدا کردن و توانیمان سێ ساڵ بەدەستبهێنین.

لە ساڵی ٢٠١٤دا، ئەمەریکا لەسەر داوای حکوومەتی عێراق نزیکەی پێنج هەزار سەربازی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە بنکە سەربازییەکانی عێراق جێگیرکرد. لە ٢٠ی ئابی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بە سەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتەکەی سەردانی ئەمەریکای کرد. بەپێی ئەو رێککەوتنەی لە گفتوگۆی ستراتیجی نێوان ئەمەریکا و عێراق ئەنجامدرا، واشنتۆن لە ماوەی سێ ساڵدا هێزەکانی لە عێراق دەکێشێتەوە وەك ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە پەراوێزی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی رایگەیاند.

لەبارەی داخستنی بالْیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتی: واشنتۆن بە بەغدای راگەیاندووە کە بێزار و نیگەرانە لە کردنە ئامانجی نێردەکانی دیپلۆماتی لە عێراق بەهۆی هێرشە مووشەکییەکان. کازمی ئاماژەی بەوەش کرد کە داخستنی بالْیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، عێراق دووچاری قەیرانی ڕاستەقینە دەکات و لێکەوتەی ترسناکی دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی داڕمانی ڕاستەوخۆی ئابووری، چونکە زۆربەی یارمەتییە داراییەکان بۆ عێراق لەرێگەی ئەمەریکاوەیە.

لەبارەی هێرشە مووشەکییەکانی سەر ناوچەی سەوز و کوشتنی خۆپیشاندەران کازمی ئاشکرای کرد کە لەوبارەیەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە و لیژنەکان کاری خۆیان دەکەن و دوای تەواوکردنی کارەکانیان، ئەنجامەکەی ئاشکرا دەکەن.

شای ئوردن دەستەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عومەر ڕەزازی پەسەند کرد



شای ئوردن، عەبدوڵڵای دووەم دەستەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عومەر ڕەزازی پەسەند کرد و تا کاتی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، وەك سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەری ڕایسپارد.

دیوانی شاهانەی ئوردن لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە بەپێی دەستووری ئوردن و دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووە هەڵوەشێندرابووەوە، شا عەبدوڵڵای دووەم دەستەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عومەر ڕەزازی پەسەند کردووە، هەروەها تا کاتی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، وەك سەرۆکی حکوومەتی کاربەڕێکەری ڕایسپاردووە. لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٧٤ی دەستووری ئوردن ئاماژە بەوەدراوە کە پێویستە حکوومەت دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە میانی یەك هەفتەدا لە بەرواری دەستەکارکێشانەوەکە، ئەوەیش دەستەکار بکشێنێتەوە، جگە لەوەیش نابێت سەرۆکی حکوومەتی دەستەکارکێشاوە ڕاسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ.

شای ئوردن، عەبدوڵڵای دووەم لە پێنجی حوزەیرانی ٢٠١٨دا، عومەر ڕەزازی بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپاردبوو ئەوەیش دوای ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی پێشوو، هانی مولقی بەهۆی خۆپیشاندانەکانی دژ بە یاسای باج دەستی لەکار کێشابووەوە.

لە تەموزی ڕابردوودا، دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ئوردن، ١٠ی مانگی تشرینی دووەمی داهاتووی وەك واده بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی (ئەنجوومەنی نوێنەران) دیاری کردبوو.

دۆناڵد ترەمپ: بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند: زۆر هەست بەباشی دەکەم، هەمووان کار بۆ دووبارە گەڕانەوەی من دەکەن. پێموایە بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ کە لە ئێستادا، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووە لە ژووری نەخۆشخانەکەیەوە پەیامێکی ڤیدیۆیی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە و پەیامەکەش لە هەژماری تایبەتی دۆناڵد ترەمپ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاو کراوەتەوە.

دۆناڵد ترەمپ لە پەیامەکەیدا ستایشی کارمەندانی نەخۆشخانەکە دەکات و دەڵێت: سەرەتا کە هاتم زۆر هەستم بە باشی نەدەکرد، بەڵام لە ئێستادا زۆر هەست بەباشی دەکەم. هەمووان کار بۆ دووبارە گەڕانەوەی من دەکەن. پێموایە بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە. سەرۆکی ئەمەریکا جەختی لەوەش کردەوە کە چاك دەبێتەوە و لە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەردەوام دەبێت و لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا ئەنجامی پشکنینەکانی دەبینن.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ شەوی پێنجشەممە لەسەر هەنی تووشبوونی خۆی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ڕاگەیاند و دواتر گواستراییەوە بۆ نەخۆشخانە، بە گوتەی پزیشکەکەشی لە ئێستادا، باری تەندروستی جێگیرە.

هەولێر.. لەچەند ناوچەو گەڕەکێک ٣٠ هەزار نەمام دەچێندرێن



بەڕێوەبەری ئەندازە و پارکەکانی هەولێر رای دەگەیەنێت، ٣٠ هەزار نەمام لە چەند ناوچە و گەڕەکێکی شاری هەولێر دەچێندرێن ڕێبین ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەندازە و پارکەکانی هەولێر ڕایگەیاند: «بڕیار دراوە لەم چەند ڕۆژەدا، ٣٠ هەزار نەمام لە هەولێر بچێندرێن، چاندنی نەمامەکانیش بۆ چەند ناوچەیەکی هەولێر دابەش کراوە».

سەبارەت بەو ناوچانەی نەمامەکانیان تێدا دەچێندرێ، گوتی: «شوێنێکی فراوان لە دەروازەی گەڕەکی هەولێری نوێ ئامادە کراوە و پلان دانراوە دوو دارستان لەوێ دروست بکەین، هەروەها لە گەڕەکی فەرمانبەرانیش ناوەندەشەقامێکی گەورە هەیە و لەوێش نەمام دەچێندرێ».

بەڕێوەبەری ئەندازە و پارکەکانی هەولێر ئامارەی بەوەش دا، هەوڵ دەدەن هەڵمەتەکە چەند شوێنێکی دیکەی هەولێریش بگرێتەوە، لەوانەش گەڕەکی ژیان و شادی، گوتیشی: «گرنگیی زۆر بە نەمامچاندن و سەوزایی دەدەین، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە بە ئیمکانیەت و بەرهەمی نەمامگەکانی خۆمان شاری هەولێر سەوز بکەین». لە بارەی ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر، ڕێبین ئەحمەد ڕوونی کردەوە: «تاوەکوو شەقامی ١٢٠ مەتری، ڕێژەی سەوزایی بە پێوەری ڕووبەر لە هەولێر ١٨٪یە و هەوڵی زیادکرنی دەدەین».

پرسەنامە

بەڕێز کاک عومەر فەتاح ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان خوالێخۆشبوو(عەلی فەتاح) تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین-مان پێگەیشت. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادەی خوالێخۆشبوو و کەس وکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و، خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین. دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبوویش بەهەشتی بەرین بێت...

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕوونکردنەوەیەک لەوەزارەتی کارەباوە

سەبارەت بە تایبەتکردنی سێکتەری دابەشکردنی کارەبا هەندێک لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەبەست یاخود بێ زانیاری و شێواندنی لێدوانی بەرپرسانی کارەبا هەواڵ و ڕاپۆرت سەبارەت بەتایبەتکردنی سێکتەری دابەشکردنی کارەبای نیشتمانی بڵاودەکەنەوە کە بووەتە هۆی دڵەڕاوکێ و پرسیار لای هاوبەشانی کارەبا، ئێمە لەوەزارەتی کارەبا بۆ بەرچاو ڕوونی هاوڵاتیانی خۆشەویست بەپێویستی دەزانین ئەم چەند زانیارییانەی خوارەوە بڵاوبکەینەوە کە سەرجەم ئەم هەنگاوەو پرۆسەیە لەخزمەتی هاوڵاتیانی کوردستاندایە.

١- بەتایبەتکردنی کەرتی دابەشکردنی کارەبا ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی کارەبا چاودێریی و سەرپەرشتی دەکرێت.
٢- نرخی کارەبا لەسەر هاوبەشانی کارەبا زیاد ناکرێت.
٣- دەبێتە هۆی باشتر کۆنترۆڵکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی کارەبا.
٤- ڕێگرە لە بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا و کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر تۆڕ و وێستگەکان و کەمبوونەوەی کاری چاکسازیی و سوتانی محاویلەکان .
٥- کەمکردنەوەو نەهێشتنی سەرپێچیەکانی کارەبا بەمەش دادپەروەریی لە دابەشکردنی کارەبا زیاتر دەستەبەر دەکرێت.
٦- زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی بەتایبەتی لەهەردوو وەرزی هاوین و زستان دا .
٧- بەڕێژەی لە ٧٠٪ی فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لەو سێکتەرە کار دەکەن بەتەواویی ئیمتیازاتەکانیان کار دەکەن و کۆمپانیاکان پابەند دەبن بەدابینکردنی موچەکانیان لەکاتی خۆیدا.
٨- کەمکردنەوەی سلفەی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارەبای شارەکان .

وەزارەتی کارەبا
٢٠٢٠/١٠/٤

سلێمانی..کۆڤید 19 لە سیمینارێکی لقی چوار



لە درێژەی کارو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بارەگای لق لە شاری سلێمانی سیمینارێک لە ژێر ناونیشانی (ڕێکخستن و چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆڤید ١٩ دا) هاتە گرێدان.

سیمیناریەکە دوو تەوەرەی سەرەکی لە خۆگرتبوو کە لایەن دکتۆر ئاری عەبدوڵلا و حەسەن جەباریيەوە قسەیان لەبارەوە کرا ، سەرەتا و لە تەوەرەی یەکەمدا دکتۆر عەبدوللا بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکان بە وردی و لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە باسی لە مێژووی سەرهەلدان و دەرکەوتنی پەتای کۆرۆناو ڕێگاکانی تەشەنەسەندن و شێوازەکانی خۆپاراستنی کۆڤید ١٩ کرد. لە تەوەری دووەمیشدا حەسەن جەباری کارگێڕی لق باسی لەو گۆڕانکارییانە کرد کە هاتنی کۆرۆنا لە بەڕێوەچوونی کارو چالاکییەکانی پارتی و شێوازی پەیوەندییە حزبییەکان و گریدانی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هیناویەتە ئاراوە. لە دریژەی باسەکەیدا حەسەن جەباری تیشکی خستە سەر ڕۆلی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەردەوامی ژیانی حزبییانەدا. ئەمەو ژمارەیەک لە کارگێڕانی لقی چوار و بەرپرس و کارگێڕانی ناوچەکانی سنووری لق ئامادەی سیمیناریەکە بوون.

ئەو تۆمەتبارانەی شاخی گۆیژەیان سووتاند دەستگیرکران

پاش ئەوەی شەوی ٣ لەسەر ٤ی ٩/٢٠٢٠ بەشێك لە دەرختەکانی شاخی گۆیژە سووتان، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەکانی دەستپێکرد بە مەبەستی دۆزینەوە و دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی. پاش بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد و وەرگرتنی بڕیاری بەڕێز دادوەر، توانرا ڕۆژی ٣/١٠/٢٠٢٠ دوو تۆمەتبار بە تۆمەتی سووتاندنی درەختەکانی شاخی گۆیژە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانییەوە دەستگیر بکرێن.

هەردوو تۆمەتبار «د. ح. ع.» لەدایکبووی ١٩٩٣ و «هـ. ع، ئـ.» لەدایکبووی ١٩٩٠ لەبەردەم بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەدا دانیاننەاوە بە تاوانەکەیاندا و لە ئێستادا بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی «١٠/ژینگە» ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە.

ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی



پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا قەزا شێخان دا وهایداری ڕەوشا خەلکێ دەڤەرێ بوو

دهۆک: گۆڕانکاری لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەکرێت



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک گوتی، لە پارێزگای دهۆک ئەو پۆستانەی پلەی تایبەتن و پشکی یەکگرتووی ئیسلامی بوون و لێیان وەرگیراوەتەوە، کاندیدی شوێنگرەوەیان بۆ ئەنجومەن ڕەوانە دەکرێت و ئەنجومەنیش دەنگیان لەسەر دەدات و دواتر گۆڕانکاریی دیکە دەکرێت لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان. مەسعود سەرنی، کارگێڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆک، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «ئێمە ڕێککەوتنی خۆمان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوەشاندوەتەوە و ٢٥ پۆستمان پێ دابوون هەموومان لێ وەرگرتوونەتەوە و کاندیدیشمان بۆ شوێنیان دیاری کردووە و بۆ پارێزگا ڕەوانە کراون، بۆ ئەوەی لە شوێنی ئەوان دابنرێن.»

هەر لەو بارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، فەهیم عەبدوڵلا حەمۆ، بۆ ماڵپەڕی گوتی: «ئێمە پەلە دەکەین لەوەی کە پارێزگار ناوی کاندیدەکانمان بۆ ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی ئەو پۆستانەی پلەی تایبەتن بۆماوەی دەنگی لەسەر بدەین و ئەوانەی دیکەش پێویستیان بە فەرمانی وەزاری، یاخود فەرمانی ئیداری هەیە، بۆیە چاوەڕێی گەیشتنی ناوەکانین و کە گەیشتن ئێمەش دەنگیان لەسەر دەدەین و پەسەند دەکرێت و دواتریش گۆڕانکاری لە پۆستەکانی دیکەی وەک قایمقام و ناحیەکان دەکرێت.»

تا ئێستا هۆکاری تەقینەوەکە نازانرێت

گوتەبێژی فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠ دەڵێت: لێژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە هەرکات گەیشتینە ئەنجامێك بە ئاشکرا ڕایدەگەینین کە هۆکاری تەقینەوەکە چی بووە.

ئەحمەد لەتیف، گوتەبێژی فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠، ڕایگەیاند : دوێنێ بەیانیی کاتژمێر ١٠:٥٠ خولەك، تەقینەوەیەك لە کۆگایەکی بچووکی ئێمە ڕوویداوە کە تەنها تەقەمەنی تێدایە، ئەو تەقەمەنیانەش زۆرینەیان لەوانەن کە شیاونین بۆ بەکارهێنان.

گوتیشی: لە تەقینەوەکەدا هیچ زیانێکی گیانی نەبووە تەنها یەك پێشمەرگە لە میانی دوورکەوتنەوە لە ڕووداوەکە بەرکەوتووە و قاچی بریندار بووە، یەك دوو ئوتومبیلیش بەهۆی ئاگرەکەوە سووتاون و هیچ زیانێکی دیکەمان نییە، زیانەکان تەنها سووتانی کۆگاکە و ئەو پووش پاوانەیە کەبەهۆی ڕووداوەکەوە سووتاون.

دەربارەی هۆکاری تەقینەوەکە عەمید ئەحمەد لەتیف گوتی: هۆکارەکەی تا ئێستا نازانرێت چییە، لێژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە هەرکات گەیشتینە ئەنجامێك بە ئاشکرا ڕایدەگەینین کە هۆکاری تەقینەوەکە چی بووە.

لێپرسراوی ڕاگەیاندنی فەرماندەیی یەکەی ٧٠ دەربارەی ئەو تەقەمەنیانەی لەو کۆگایەدا بوون کە تەقینەوەکەی تێدا ڕوویداوە گوتی: هەموو تەقەمەنییەك ماوەیەکی ڕێپێدراوی هەیە بۆ بەکارهێنان کە لەو ماوەیە تێپەڕی دەخرێتە لاوە و بەکارناهێندرێت، ئەو کۆگایەی تەقینەوەکەی تێدابووە لەو تەقەمەنیانەی تێدایە.

سلێمانی..ئەمسااڵ دەست بەسەر 50 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گیراوە و زیاتر لە 200 کەسیش دەستگیرکراون

هاوکاریی ئاسایشی هەولێر کەسێک لە هەولێر دەستگیر بکەن، گوتیشی، «ئاسایشی هەولێر لەو ڕووەوە زۆر هاوکارمان بوون». لەکۆتاییدا ئاسایشی سلێمانی دەڵێت، تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ کەس دەستگیرکراون و دەستبەسەر زیاتر لە ٥٠ کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گیراوە، لەنێو گیراوەکانیشدا ئافرەتیش هەن و «سااڵی ڕابردوو ٣٢ خانم لای ئێمە دەستگیرکرابوون، بەاڵم ئەمسااڵ ژمارەکە زیاترە».

گوتەبێژی ئاسایشی سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند، دوای کۆکردنەوەی زانیاری بە ئاگاداریی دادوەری ئاسایشی سلێمانی، هێزەکانیان دەستیان بەسەر ٢٥ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەری جۆری کریستاڵی (شیشە) دا گرت کە «دەیانویست بیپەڕێننەوە بۆ واڵتێکی دیکە»، نەك بۆ بااڵکردنەوەی لە هەرێمی کوردستان». بە گوتەی بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، ئەوان زووتر بەو بابەتەیان زانیوە و توانیویانە بە

لە هەولێر 54 هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ دەکرێن

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر: لە دوێنێوە دەستکراوە بە دابەشکردنی تاپۆی شەش هەزار پارچە زەوی کارت





خەبات- عەلی بانیشاری

بەچەند قۆناغێك تاپۆكردنی 54 هەزار پارچە زەوی كارت لە سنووری پارێزگای هەولێر دەستپێدەكات. لە كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەوانیدا عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆكی شارەوانی هەولێر گوتی: لەكۆی 120 هەزار پارچە زەوی كارت لە پارێزگای هەولێر تائێستا 65 هەزاری لێ تاپۆكراوە. فرسەت سۆفی، پارێزگای هەولێر رایگەیاند: تاپۆكردنی 6 هەزار پارچە زەوی كارت كاریگەری دەبێت لەسەر جولەی بازاڕ و عەقارات لە شاری هەولێر.

6ی ئایاری 2020 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بڕیاریدا سەرجەم زەوییە كارتەكانی كوردستان بكرێنە تاپۆ. سیامەند كەریم، گوتەبێژی سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر بە (خەبات)ـی گوت: پاش ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری تاپۆكردنی زەوییە كارتەكانی دەكرد، لە سنووری پارێزگای هەولێر دەستكرا بە پرۆسەی تاپۆكردنی زەوییەكان، لە قۆناغی یەكەمدا مامەڵەی تاپۆكردنی شەش هەزار پارچە زەوییە لە ناوچەی «باغەمرە شەهاب» لە سەنتەری شاری هەولێر تەواو بووە. گوتیشی: دوێنێ یەكشەممە دەست كراوە بە دانەوەی تاپۆی ئەو پارچە زەوییانە بە هاوڵاتیان.

گوتەبێژی سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا تاپۆكردنی زەوی كارت لەسەر فەرمانی سەرۆكی حكوومەتی هەرێم بووە و تەواوی ئەو زەوییانە تاپۆ دەكرێن كە تائێستا كارتن. هەروەها گوتیشی: زەوی زێدەڕۆ تاپۆ ناكرێت. سیامەند كەریم دەڵێت: ئەو زەوییانە كارتن و لەناو ماستەر پلانی هەولێرن پاش دانەوەی تاپۆی ئەو شەش هەزار پارچە زەوییە دەست دەكرێت بە تاپۆكردنیان كە ژمارەیان 54 هەزار پارچە زەوییە.

ناوبراو باسی لەوەشكرد وەكو سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر دەیانەوێت لە زووترین كاتدا ئەو زەوییانەی كارتن مامەڵەیان بۆ بكرێت و بكرێنە تاپۆ. گوتەبێژی سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر ئەوەشی گوت: تاپۆكردنی زەوی كارت پێویستی بە كاتە و ئاسان نییە، چونكە پارچە زەوی هەیە دووجار دابەشكراوە، هەروەها زەوی هەیە چەندین جار مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی پێوە كراوە.

لەبارەی تاپۆكردنی خانووی زێدەڕۆ، سیامەند كەریم گوتی: ماوەی هەفتەیەكە ڕێكارەكانی تاپۆكردنی خانووە زێدەڕۆكان دەستی پێكردووە و هاوڵاتیان 120 ڕۆژیان لە بەردەستە تا مامەڵەكانیان پێشكەش بكەن. گوتیشی: دیارنییە حكوومەت پاش ئەو ماوەیەی كە دیاریكردووە بۆ تاپۆكردنی خانووی زێدەڕۆ چ بڕیارێك دەدات. بەپێی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2019 ی پەرلەمانی كوردستان ئەو خانوانەی لە سنووری شارەوانییەكان بە زێدەڕۆیی دروستكراون تاپۆ دەكرێن.

گوتەبێژی سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر دەڵێت: هەر خانوویەكی زێدەڕۆ لە پێش 13ی3ی 2018 دروستكرابێت تاپۆ دەكرێت، بەڵام پاش ئەو بەرواربڕیاری تاپۆكردن نایگرێتەوە. پێشتر ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حكوومەتی هەرێم ڕایگەیاندبوو: بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی فەرمانگەكان لە مانگی ئادار و نیسانی ئەمساڵدا نەتوانرا ڕێكارەكانی یاسای تاپۆكردنی خانووی زێدەڕۆ جێبەجێ بكرێن، ئێستا وەزارەتی ناوخۆ ڕێنماییی بۆ هەموو پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان دەركردووە بۆ ئەوەی یەكە ئیدارییەكان دەست بە ڕێكارەكانی تاپۆكردنی خانووی زێدەڕۆ بكەن.

بەپێی ڕێنماییەكان ئەو خانووبانەی كە تاپۆ دەكرێن لە سەنتەری شار نابێت لە 200 مەتر و لە قەزاكان لە 250 مەتر و لە ناحیەكان لە 300 مەتر كەمتر بن. نرخی تاپۆكردنی خانووی زێدەڕۆ لە سەنتەری شار بۆ هەر مەترێك 15-30 هەزار دینار و لە قەزاكان 10-15 هەزار و لە ناحیەكانیش 5-8 هەزار دیناره. بەپێی ئامارەكان 300 هەزار خانووی زێدەڕۆ بڕیاری تاپۆكردن دەیانگرێتەوە.

گوتەبێژی سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر:

ڕێكارەكانی تاپۆكردنی خانووە زێدەڕۆكان دەستی پێكردووەو هاوڵاتیان 120 ڕۆژیان لە بەردەستە تا مامەڵەكانیان پێشكەش بكەن

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەڵسەنگاندن بۆ كۆمەڵە و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەكان ناكات

سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە: زۆرینەی سەنتەر و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوەشانەوە و بەشێكیان تەنیا وەك ناو لەسەر تابلۆكان ماون



خەبات: حەمید سورچی

سەیفەدین خالید سورچی سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە، لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ خەبات تیشك دەخاتەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی سەنتەری ڕۆشنبیری لە دەڤەرەكەو باس لە ئاستەنگ و ئاریشەكانی بەردەم ڕەوتی كاركردنیان و پێگەی ئافرەت لە بواری ڕۆشنبیری لەو ناوچەیە دەكات، هاوكات كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر كار و چالاكییەكانیان و ئەم پرسانەو پرسگەلێكی تری پەیوەست بەڕەوشی ڕۆشنبیری دەڤەرەكە لە وەڵامی چەند پرسیارێكدا بۆ «خەبات»ڕوونەدكاتەوە.

لە دەستپێكدا سەیفەدین خالد سورچی سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە لەبارەی مێژووی دامەزراندنی سەنتەرەكەیان ڕایگەیاند: سەنتەری ڕۆشنبیری لەساڵی 2002 لە سەر دەستی كۆمەلێك نووسەر و هونەرمەندو ڕۆشنبیری شەقڵاوە بۆ خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری و بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی حكوومەتی هەرێم دامەزراوە.

لەبارەی پرۆسەی ڕۆشنبیری لەدەڤەرەكەدا سەرۆكی سەنتەری ناوبراو ڕوونیكردەوە: بەشێوەیەكی گشتی بزاڤی ڕۆشنبیری لەدەڤەری شەقڵاوە جیاواز بەزۆرێك لەناوچەكانی تری كوردستان لەئاستێكی باشدایەو ڕۆشنبیران هەمیشە خۆبەخشانە بەردەوامن لەپێناو بەرەوپێشبردنی بوارەكە.

لەوەڵامی پرسیاری پێگەی ئافرەت لە نێو كایەی ڕۆشنبیری لە دەڤەرەكەدا چۆن دەبینیت؟ گوتی: پێگەی ئافرەت زۆر لاوازە لە بەشداریكردنیان لەبواری ڕۆشنبیری و هونەریدا، ئەگەرچی خاوەنی چەندین ئافرەتی بەهرەمەندین لەسنوورەكە و لەلایەن لایەنە پەیوەندارەكانیش پاڵپشتی پێویست ناكرێن.

سەیفەدین سورچی:

پێگەی ئافرەت زۆر لاوازە لە بەشداریكردنیان لەبواری ڕۆشنبیری و هونەریدا، ئەگەرچی خاوەنی چەندین ئافرەتی بەهرەمەندین



لە بارەی ئەو پرسیارەی كە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی كوردیدا باس لەوە دەكرێ كە سەنتەرو كۆمەڵە ڕۆشنبیرییەكان كاریگەرییان نییە لەسەر پرۆسەی ڕۆشنبیری لە كۆمەڵگەی كوردیدا؟ سەیفەدین سورچی گوتی: پێگەی سەنتەرو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەساڵانی ڕابردوو لەئاستێكی زۆرباش بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی هاوكاری سەنتەرو ڕێكخراوەكان، زۆرینەیان هەڵوەشانەوەو بەشێكیان تەنیا وەك ناو لەسەر تابلۆكان ماون و ئەوانەشی بەردەوامن وەك ئێمە دەستیان گیراوە بەهۆی كێشەی دارایی، وێڕای ئەوەی خۆبەخشانە ئێمە هێشتا كاردەكەین، ئەگەرچیش ناتوانین خەرجی چالاكییەكان دابین بكەین، ئەمەش هۆكاری سەرەكی وەستانی بزاڤی ڕۆشنبیرییە.

لە بارەی ئەوەی تاكو ئێستا سەنتەرەكەیان چەند كۆنفرانسیان ئەنجاندەوە؟ ناوبراو گوتی: لە سەرەتای دامەزرادنمانەوە چوار كۆنفرانسمان ئەنجام داوەو دواترینیان لەشوباتی2020بوو، جگە لە نوێبوونەوەو كۆنفرانسی ڕێكخستن و یەكگرتنەوەی ماڵی ڕۆشنبیران لەشەقڵاوە، كەوا لە ساڵی 2002تا 2020 بەدوو تیمی جیا بەناوی سەنتەرو كۆمەڵە چالاكی لەشەقڵاوە ئەنجام دەدرا، خۆشبەختانە لە ئێستادا سەرجەم ڕۆشنبیرانی شەقڵاوە لەژێر چەتری سەنتەرەكەمان كۆبوونەتەوە.

لە بارەی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هاوكاری و پشتگیریكردنی سەنتەرە ڕۆشنبرییەكان گوتی: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕۆڵی خۆی وەك پێویست نەبینیوە، تەنانەت ڕیزبەندی ساڵانەی بۆ سەنتەرو كۆمەڵەكان نەكردووە لەسەر بنەمای بەردەوامیی و پابەندبوونیان بە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان.

سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە لە بارەی ئاریشەو لەمپەرەكانی بەردەم ڕەوتی كاركردنیان و كاریگەری قەیرانی دارایی و ڕەوشی ئەمڕۆ لەسەر كارو چالاكییەكانیان گوتی: قەیرانی دارایی هۆكاری سەرەكییە بۆ وەستانی كارو چالاكییەكان بە شێوەیەكی گشتی و بەتایبەت هونەری، چونكە خەرجی زیاتریان پێویستە، ئاریشەی سەرەكی نەبوونی دارایی پێویست و هاوكاری حكومەتە بۆ پاڵپشتیكردنمان.

لە وەڵامی دواپرسیاریش لە بارەی پلان و پڕۆژەی ئایندەیان سەیفەدین سورچی سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە گوتی: پلان و پڕۆژەی داهاتوومان بریتییە لەكردنەوەی 9 خولی جیاجیای ڕۆشنبیری و پێگەیاندن بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی ئیتاڵی.

لە دوو مەراسیمی جیاوازدا چوار قوتابخانە لە شاری سلێمانی کرانەوە

وەزیری پەروەردە: بەهیچ جۆرێک هیچ مولکێکی خۆمان نادەینە کەرتی تایبەت و نە هەوڵی ئەوەش دەدەین بە هیچ جۆرێک کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان دابەزێت

کێ بەرپرسیارێتی ژیانی دوو ملیۆن هاوڵاتی هەڵدەگرێت کە بچێتەوە ناو ناوەندەکانی خوێندن کە 33% دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە



خەبات/ ڕۆشنا عەلی



لەشاری سلێمانی و لە دوو مەراسیمی جیاوازدا چوار قوتابخانە کرایەوە ڕۆژی ٢٩-٩-٢٠٢٠ بە ئامادەبوونی ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە و هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و دڵشاد عومەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی و عومەر سالح بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵات بەوەکالەت، چوار قوتابخانە لەسێ ناوچەی جیاواز کرایەوە ، سەرەتا لەکۆمەڵگای باریکە قوتابخانەیەکی بنەڕەتیان کردەوە کە قوتابخانەکە کۆن ببوو دوبارەدروستکراوەتەوە لە سەر بودجەی پەڕەپێدانی پارێزگاکان و تایبەتکراوە بە قۆناغی بنەڕەتی ، هەر لە مەراسیمەکە دا ڕێزلێنان بەخشرایە ئەو کەسانەی کە هاوکاربوون لە بنیادنانی قوتابخانەی ناوبراو. پاشان هەریەك لە قوتابخانەی (محمود جەودەت) و (عبدالله شالّی) بنەڕەتی لە هەریەك لە گەڕەکەکانی ڕۆشنبیری و ولّوبەی شاری سلێمانی کرایەوە.

بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران قابیلی هەموو گۆڕانکارییەکن

لە ماوەی سێ ڕۆژ چوار قوتابخانەمان کردۆتەوە کە چوار تا پێنج هەزار قوتابی سوود لەو ناوەندانە وەردەگرن

ئەگەر بزانین بارودۆخی تەندروستی خوانە خواستە خراپ دەبێت لەوانەیە ناچار بین قۆناغەکانی دیکەش دابخەین و قۆناغی یەک و دووش نەکەینەوە

وەزیری پەروەردە لە میانەی کردنەوەی قوتابخانەکەدا و لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوە دەنگۆیانە کرد کە گوایە کەرتی خوێندنی حکومی دەکرێتە ناحکومی و ئەو لەمبارەیەوە وتی : هیچ بڕیارێك نییە کە کەرتی حکومی بدرێتە کەرتی تایبەت، بەڵام بەرنامەو کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بە کەرتی حکومی لە بواری پەروەردەو هاندانی کەرتی تایبەتیشە، بەهیچ جۆرێك نە هیچ مولکێکی خۆمان دەدەینە کەرتی تایبەت و نە هەوڵی ئەوەش دەدەین بە هیچ جۆرێك کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان دابەزێت.

لەبارەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن کە ئایا بە بڕیارەکانی وەزارەتدا دەچنەوە بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی وەزیری پەروەردە وتی : لەگوندەکان و ئەو شوێنانەی قوتابیان کەمە بۆ نموونە ١٥ قوتابی تێدایە و هێڵی ئەنتەرنێت وەك پێویست نییە دەسەڵاتمان داوەتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئێمە قۆناغی ١٢ ی ئامادەییمان کردۆتەوە تا ١٠/١٠ ماوەکەی ١٤ ڕۆژە ئەم ١٤ ڕۆژە بۆ بەدواداچوونی دۆخی تەندروستییە لەناو ناوەندەکانی خوێندن پاشان لە ١٠/١٠ قۆناغی یەك و دوو دەستپێدەکاتەوە ئەگەر بزانین ئامارەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن ڕەوشی تەندروستی بەرەو باشتر بچێت بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران قابیلی هەموو گۆڕانکارییەکن، بەڵام ئەگەر بزانین بارودۆخی تەندروستی خوانە خواستە بە پێچەوانەوە دەبێت لەوانەیە ناچار بین قۆناغەکانی دیکەش دابخەین و قۆناغی یەك و دووش نەکەینەوە، لەبەر ئەوە سەلامەتی گیانی خەڵك گرنگترە نامانەوێ ملیۆنێك وهەشت سەدهەزار قوتابی ١,٨٠٠٠٠٠ هەزار قوتابی ١٣٠٠٠٠ سەدوسی هەزار مامۆستای میلاك و ١٧٥٠٠حەڤدە هەزارو پێنج سەدمامۆستای وانە بێژو هەزارەها فەرمانبەر کە ٢٠٠٠٠٠٠ دوومليۆن دەکات کێ بەرپرسیارێتی دوو ملیۆن هاوڵاتی هەڵدەگرێت کە بچێتەوە ناو ناوەندەکانی خوێندن کە دەکاتە ٣٣٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان .

هەروەها لەبارەی خوێندنی ئەلیکترۆنیش وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەدا کە ئەم خوێندنە پێویستی بە ئەنتەرنێت و کارەبای بەردەوام نییەو قوتابیش لە قوتابخانە دانابڕێت و لەمبارەیەوە وتی : ئێمە ئەپڵیکەیشنی ئۆف لاینمان دروستکردووە یەك جارپێویستی بە ئەنتەرنێت هەیە بۆ ئەوەی قوتابی دایانبەزێنێ بۆ بینینی وانەکان و ڤیدۆکان مامۆستایانیش قوتابیان هەفتەی جارێك یان دوو جار بەشێوەی گروپی بچوك و پێنج کەسی دەبەنەوە قوتابخانە و قوتابی دابڕاو نابێت لە قوتابخانە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی.

لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١ لە قەزای پێنجوێن مەراسیمی کردنەوەی قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی ڕێکخرا بە ئامادەبوونی ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەو دڵشاد عومەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی و زانا عبدالرحمن قائیمقامی قەزای پێنجوێن و مامۆستا بارام بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن قوتابخانەکە کرایەوە، کەلەسەر بودجەی پەڕەپێدانی پارێزگاکان بە بڕی (١,٣٩٣٠٠٠٠٠٠ یەك ملیارو و سێ سەد و نەودو سێ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرابوو ، وەزیری پەروەردە بڕی (٥) پێنج ملیۆن دینارو ١٠٠ ڕەحلەی خوێندنی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی قوتابخانە و قوتابی دابڕاو نابێت لە قوتابخانە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی.


هەر لەو مەراسیمەدا وەزیری پەروەردە وتارێکی پێشکەش کردو تایدا ئاماژەی بەوەدا لەیەکەم ڕۆژی دەسپێکی خوێندن دەوامکردن لەم قوتابخانەیە دەبێت لەم بارەیەوە وتی: بڕیارماندا بەشێك لەو پێداویستییانەی کە ئەم قوتابخانەیە هەیەتی وەك دابینکردنی ڕەحلە و هەندێ پێداویستی تر هەر ئەمڕۆ دابینبکەین و ئەوانی تریش لە ڕێگای وەزارەتی دارایی بەزووترین کات دابین دەکەین . هەوەها وەزیری پەروەردە وتی : بە دڵنیاییەوە کردنەوەی ئەم قوتابخانانە جێگای بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستانە تەنها لە ماوەی سێ ڕۆژ چوارقوتابخانەمان کردۆتەوە کە چوار تا پێنج هەزار قوتابی سوودی لەو ناوەندانە وەردەگرن و هەوڵەکان بەردەوام دەبێت بۆ کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و ئەوپڕۆژانەی وەستاون.

هەروەها وەزیری پەروەردە لەبارەی ژمارەی قوتابیانەوە وتی : لە هەرێمی کوردستان ساڵانە زیاتر لە ١٥٠٠٠ قوتابی لەسەر کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان زیاد دەکات ئەم ڕێژەیە وابەستە بە زۆربوون و گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی زیاد بوونی ژمارەی قوتابیان لە قۆناغی یەکی بنەڕەتییەوە پاشان بەرەو قۆناغەکانی دیکە بۆیە ئەرك و بەرپرسیارێتی وەزارەتی پەروەردە بریتی دەبێت لە گەشە پێدانی ئەو ژێر خانە پەروەردەییەو دروستکردنی بینای نوێ بۆ باخچەی منداڵان و بنەڕەتی و ئامادەییەکان.

هەر لە میانەی بەسەرکردنەوەی قەزاکە وەزیری پەروەردە سەردانی قوتابخانەی (جلال محمود)یان کرد کە لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (جلال محمود) لەساڵی (٢٠٠٤) دروستکراوە و لەسەر ئەرکی بنەماڵەکەشی ئەم ساڵ هەمان قوتابخانە نۆژەن کراوەتەوە ، وەزیری پەروەردە (سمارت بۆرد) یەك و (١٠٠) ڕحلەی خوێندنی بۆ دابینکردن و، بڕی (١) یەك ملیۆن دیناری وەکو دیاری پێشکەشی قوتابخانەکە کرد بۆ کرینی کتێبی کتێبخانەی قوتابخانەکەیان.







وێنەو کۆمێنت

دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندنی پۆلی 12



لۆرێنزۆ گۆێرینی

بە رۆژ لەبەغدا، بە شەو لەهەولێر

د.محمد خدر مولود

لۆرێنزۆگۆێرینی وەزیری بەرگری ئیتالیا رۆژی دووشەممە ٢٨-٩-٢٠٢٠ گەیشتە بەغداوهەر هەمان کات.لەگەڵ مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران حکومەتی عێراقی فرەدە سەلّتی پەرت و بلّاو کۆبۆوە .

هەمان شەوی رۆژی دووشەممەی ٢٨-٩-٢٠٢٠ فرۆکە تایبەتییەکەی لۆرینزۆی وەزیری بەرگری لەشقەقەی بالّی داو بەرەوهەرێمی کوردستان و لە هەولێری پایتەخت و مێرگی ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوە ژیان نیشتەوە و، شەوبە ئارامی وئارخەیان ، بەئاسوودەیی ودڵنیاییەوە پشووی خویدا.

بۆرۆژی دواترسێشەممە ٢٩-٩ بەرێز لۆرێنزۆگۆێرۆنی وەزیری بەرگی ئیتالیا کۆبوونەوە فەرمییەکانی لەگەڵ بەرێزان سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان وسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا .

ئەوەیان یەکەمین سەردانی وەزیری بەرگری ئیتالیا نییە بۆ هەولێری پایتەخت بەرێزلۆرێنزۆ کەدۆستێکی نزیکی سەرۆک بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە ، بەحوکمی شەڕو جەنگی تیرۆرستانی داعش ئیتالییەکان وەک هاوپەیانێکی بەهێزی ئەو شەڕە لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستانن وبە بایەخەوە چاویان بڕیوەتە ئەو پێشکەوتن و پێکەوە ژیانە ئاشتی ودیموکراتییەی لەکوردستاندا هەیە و لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە بە میتۆدو بنەما وسەقامگیری ئارامی وئاسایشی پێکەوەژیانی ئایندەیی بۆفرە ئایین ونەتەوەکانی کوردستان بە خەبات و تێکۆشانی سیاسیی رەنگڕێژکراوە و ڕۆنراوە وهاتۆتە دی .

ئەم بارودۆخە : پێکەوە ژیانی ئاشتییانەودیموکراتی ، سەقامگیری ئاسایش و ئارامی کەبۆتە ناسنامە وسیاو ناوەرۆکی راستەقینەی ژیانی سیاسی کوردستان هەرلەسۆنگەی ئەوەدایە ، ئەوان و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمان ، ئێستایش هاوپەیمان ودۆستی حکومەت وگەلی کوردستانن وهەولێربەمێرگە ئارام وئاوەدانەکە دەبینن و لەژیان و مانەوەیاندا لێرە ئاسوودە و دڵنیاترن وەک ئەوەی لە بەغدابن .

سەردانی ئەمجارەی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا بۆ عێراق لە ئان وساتێکدایە کەکەس ئیرەی و خۆشی بە حکومەتەی بەغدا دانایێت ، چونکە بەغدا، خۆی (مەیموون بوو و خوریکەشی لێبهات). بەغدا لە بارودۆخێکدایە وێڕای تەنگاو کردن و فشارەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر پرسی داخستن و دانەخستنی بایلۆزخانەکەی ، فرەجەمسەری بریارو بوونی چەک و جبەخانەی زەبەلاح بەدەست ئەم و ئەو، نەک بەدەست هێزە ئەمنیەکانی حکومەت ، بارودۆخەکەی بەرەوە قۆناغە ترسناکەکەو باری ئاسایشی بەرەوکارەساتباری بردووە کەهەموو پێگەکانی دەوڵەتی بەناو عێراق بەرەو لێك هەڵوەشانەوەو لێکترازان دەبات بە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی نێوان شیعە و شیعەش، هەر وەك سەرکردە شیعە خۆیان ئەم مەترسییەیان نەشاردۆتەوە .

بەرۆژ لە بەغدا بوون و بەشەو لە هەولێر بوونی شاند و بەرپرسەباڵاکانی وڵاتانی جیهان،بەتایبەتیش وڵاتانی هاوپەیمانی شەڕی داعش ووڵاتانی مەزن،وەك ئەوەی لە هاتنی بەرێزلۆرێنزۆی وەزیری بەرگری ئیتالیا بینیمان ، ئەم حاڵەتە یەکەمین جارنییە ، لەدوای پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و لەدوای هێرش و پەلامارە کانی ١٦ ی ئۆکتۆبەریش چەندین بەرپرسی یەکەم و شاندی باڵای وڵاتانی جیهان ، بەرۆژ لەبەغدابوونەو بەشەویش لە هەولێر .

ئەم راستی و ئەوواقیعە هەر ئەوە دەسەلمێنێ گەر فشارو هەژموونەکانی ئەمریکا بۆسەر بەغدا لە پرسی بایلۆزخانەدا گەر چەندە راستی بێ وپێداگیریی بێ، یا هەر کەفووکوڵی قاوەی نێو فنجانەکەی دۆناڵد تڕەمپ بێت بۆساتەوەختی پێش هەڵبژاردن سوودی لێوەرگرێ ونەیەوێت ئەزموونی بایلۆزخانەکەی لە لیبیای لێ بێتەوە پێش .

بۆ هەولێر پرسی ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری ژیانی ئارام و ئاسوودە بۆ کوردستانیان و هاونیشتیمانیانی وهەروا بۆ ناوچەکەش پرسی هەرەگرنگ وجێی بایەخە و بەگرنگەوە وەرگیراوە .

هەروا ئەم پرسە ئەوەش دەسەلمێنێ کەوا هەولێر نەك هەر خاوەن هەمان رەنگ و رووخساری جوانی مۆزایکانەی پێکەوەژیانی دیموکراتییانەی بەر لە پرۆسەی ریفراندۆمە ، بەڵکو تێدەکۆشی وخەبات دەکات لە پێناو بەهێزتربوونی بریاو پێگەی شیاوی خۆی و بەدوورگرتنی (کوردستان و هەولێر) ئەو مێرگە ئارام و ئاسوودەو ئارام و ئاوەدانەی هەیە ، لە هەموو مانۆرو ئاین و تۆینێکی ئەم و ئەو .

تۆماری یایدوەرییەک

لە مانّباتی(پارتی)ماندا، کارگێڕ لقێک برامانە



بەشی یەکەم

زۆرجار ئەمە ئەنوسم و ئەڵێمەوە: «خوزگە بتوانرابا لەجیاتی ئەوەی مێژوو بنووسرێتەوە، یەکجار تۆماری وێنەیی بگیرابا، بۆئەوەی چیتر مێژوو بەپێی میزاج مەجالی دەستکاریکردنی نەمابا...!!». ئەمەی بەرێزتان دەیخوێنێتەوە یادەوەرییە..! یادەوەری مێژوونووسین نییە، یادەوەری تۆماری بەسەرهاتەکانە، سەبارەت بە دەوروبەری (٥٠) رۆژ سەرگوزەشتەیە، وێنەی تیرۆانینێکی تۆمارکراوی کورتخایەنی ژیانێکە، دڵۆپێکی رووداوەکانە بە قوڵاییدا تکاوەتە ناو دەریاییّکی بەرینی یادەوەریمەوە..! ڕەوشتی رەسەنی حزبایەتی لێوە فێربووم.

ئاری قەرەداخی - هەولێر

لە ناوەڕاستی مانگی یەکەمی ١٩٧٣وە دەستپێدەکات و لەسەرەتای مانگی ئازاری ئەوساڵەیشدا کۆتایی دێت، مەلا سدیق (سدیق ئەفەنی): پاش ئەوەی بەندە لە هاوینی ١٩٧٢دا (ئەو کات مانّان لەکەرکوك) بوو، بەهۆکاری سیاسی هەڵاتم بۆ دەڤەری (قەرەداخ – سەنگاو) هەرچەندە تەمەنم شیاو نەبوو (١٦ ساڵ و چەند مانگێك) بوو، شەهیدی سەرکردە مەلا سدیق (سدیق ئەفەنی)، ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، لێپرسراوی لقی٣ بوو، بەلایەوە قبوڵ نەبوو لە پشتگیرینامەی (ل.ن) پارتی و لقی (یەکێتی قوتابیان) دا بە ئەندامی پارتی و یەکێتی قوتابیان ناوهێنراوم، خوالێخۆشبوو(ڕەسول مامەند)، شەهید (عەلی هەژار) و (نورالدین عبدالرحمان) کارگێری لق بوون. لەسەرەتای پەیوەندیکردنمەوە بە لق بە مەبەستی پێشمەرگایەتی و قبوڵیش کرام بە پێشمەرگە، سدیق ئەفەنی معارز بوو، هەمووجارێك لەسەریەکە و بێ دوودڵی ئەیفەرموو: ئەو بریارەی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری سەبارەت بە وەرگرتنی تۆ (بەندە) لە ڕیزەکانی لەشکری شۆرشگێری کوردستان هەڵە و لادانە لە رێنمایی و بەندەکانی پەیرە و پرۆگرامی ناوخۆی پارتی، (عەلی هەژار) بەسەریدا تێپەڕیوە نووسراوی بۆکردووێت و ناردوویەتی بۆ (م.س)، من لێرە نەبووم، ئەگینا، هەرگیز نەمدەهێشت، سوور بوو لەسەر ئەو خاڵە. لەگەڵ ئەوەی، ڕۆژانە سەرقاڵی کاروباری جەنجاڵی پارتایەتی بوو، کەچی نازانم چۆن کاتی بۆ بەندە هەبوو، لە پڕ لەناو بازارە بچووکەکەی سەنگاوادا پێشمەرگەیێك دەهات و دەیگرتم و ئەیوت: وەرە، مامۆستا بانگت ئەکات، ئەو هەڵێست و ڕاوبۆچوونەی جەنابی سدیق ئەفەنی زۆر بێزارکەر بوو، وامدەزانی ڕقی لێ هەڵگرتووم، بۆیە قبوڵناکات بیم بە پێشمەرگە، لەهەمانکاتیشدا بەدەستی خۆم نەبوو، ڕێزی گەورەی بێ ئەندازەم بۆی هەبوو...!! شەوقی سۆزێکی باوکانە لە (سدیق ئەفەنی)یەوە تیشکی دەگەیشتە دەروونم..!! بەهەرحاڵ، چەندجارێك بە وشەی خۆش و بە وشەی توندی فەرماندە ئامێزەوە پێی ئەفەرموم: تۆ و پێشمەرگایەتییان نەتووە!، ئیمە بەهیچ شێوەیەك لە ئیستادا لەشەڕ و پێکداداندا نین بەرانبەر حکوومەتی بەعس، تۆ ئەبێت دریژە بەخوێندن بدەیت...! ڕۆحت شاد تێکۆشەرە دەروناکەکەی شۆڕشی ئەیلول(سدیق ئەفەنی) .! ڕەوانت ئاسوودە شەهیدی نیشتمان، شەهیدی دەستێکی ناپاکی غەدر..! دوای زەمانێکی درەنگ لە یەکەی ئیدارەی هێز بانگهێشتی بارەگای هێز کرام و پێیان ڕاگەیاندم: هەموومان ئەزانین لە لایەن مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری پارتیەنەوە فەرمانی پێشمەرگایەتیت پەسەند کراوە، ئێستا تۆ لەسەر میلاکی هێز تۆماریت، بەڵام، لە لقەوە داوایان کردوویت، بۆ ئەوەی بتبینن، بڕۆ بۆ لایان، ئەو تەبلیغەم پێناخۆش بوو، دڵتەنگ بووم پێی و خۆم بۆ ڕانەگیرا، پرسیارم کرد، نازانن بۆچی..؟! وەڵامیان پەیامەکەت تێگەیشتم..! تۆ بەرپرسێکی ئاسایی پارتیمان نەبووییت و بەس..! تۆ چالاکوانێکی (ڕێبازی بارزانیی نەمر) و خەمخۆری کوردستان بوویت.



سەرسنک 1973

دەستپێك:

لقی٣ی پارتی و فەوجی پاسەوانی سنوور-لەهەمانکاتدا هێزی قەرەداخی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بوو(شەوکەتی مەلا ئیسماعیل) فەرماندەی بوو، بارەگای لقی٣ و مەقەڕی فەوج پێکەوە لە (سەنگاو جێگیربوون، لە ڕۆژێکی (ناوەڕاستەکانی مانگی یەکەمی١٩٧٣) لەلایەن بەرپرسی دایەوە، بەڵێ ئەزانین بۆچی..!، بڕۆ بۆ لایان شتێکی باش ئەبێت بۆ تۆ، دیسانەوە خۆم بۆ ڕانەگیرا و نەمتوانی حەساسییەتی خۆم بشارمەوە، وتم: نازانن، جەنابی (سدیق ئەفەنی)، نەیانهێشت قسەکەم تەواو بکەم و وتیان برۆ بزانە چیبان ئەوێت، جەنابی بەرپرسی لق مامۆستا (سدیق ئەفەنی) لێرە نییە، برۆ بزانە چیبان ئەوێت..!! ڕۆیشتم، لە پرسگەی لق چاوەڕێم کرد تا بانگکرامە ژوورەوە، خوالێخۆشبوو (ڕەسوڵ مامەند) لەجێی بەرپرس دانیشتبوو.. یەکسەر وەکو ناسیاوێکی تەواو کەوتە مجامەلەکردن و فەرموودە دەربڕینی جوان و دڵخۆشکەر... پاشان، فەرمووی: تۆ، لەسەرەتای تەمەنتدایت، بڕیارمان داوە بتنێرین بۆ (دهۆکی ئازاد) بۆ دریژەدان بە خوێندن، لەوێ (خانەی مامۆستایانی دهۆك)، دەکرێتەوە، دڵنیابە و دڵیشت هیچ نەکات پێشمەرگایەتییەکەت لێ وەرناگیرێتەوە، هەروەکو ئەوە وایە بە (تەنسیب یان ئیفاد) بتنێرین لە دهۆك بخوێنیت، ئەزانیت (تەنسیب یان ئیفاد) مەعنای چییە...؟ بەبێ چاوەڕوانی وەڵام لەبەندەوە، لە فەرموودەکانی بەردەوام بوو، بۆی باسکردم تەنسیب و ئیفاد مانایان چییە..! ئەمەم بەئافاقێکی نوێ و سەرکێشییەکی سرنجڕاکێش وەرگرت، لەبەرئەوەی ڕۆیشتنن بۆ (دهۆك)ی تێدا بوو..!! باشم بیرماوە، (ڕەسول مامەند) بەهیچ شێوەیەك ڕای خۆمی وەرنەگرت و نەیویست لە هەڵوێستم بزانێت فەرمووی بڕۆ بۆ بارەگای هێز، ئەوانیش نامەی پشتگیریت بۆ دەنووسن..!! پاشان، لق و هێز یارمەتییەکی مادەی باشیان کردم و ڕێنمایی ڕێوشوێنی ڕۆیشتنم بۆ دهۆك دیاری کرد.

لە سەنگاوەوە بۆ سەرسنک

لقی١ی پارتیمان، (سنووری هەردوو پارێزگای نەینەوا و دهۆك)ی لەخۆگرتبوو، بارەگاکەی لە (سەرسنك) بوو، لە ژوورەکەی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ(عەلی سنجاری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لق (کادرێکی لاو)یش دانیشتبوو، سەرقاڵی خوێندنەوەی نامە بوو، ئێمە ژمارەمان زۆرتر لە (٥) کاندید، هەموو نامەی پشتگیریمان هێنابوو..! هەڤاڵ (عەلی سنجاری) خوالێخۆشبوو فەرمووی: ئێمە، هەوڵتان بۆ دەدەین لەبەرئەوەی نامەی پشتگیریتان هێناوە لە (سلێمانی و کەرکوك)ەوە، بەڵام، مەرجی سەرەکی قبوڵ بوون لە (دار المعلمین) ئەوەیە: دەبێت هەر قوتابییەکی کاندید لە کۆی نمرەیەکی دیاریکراودا کەمتری نەهێنابێتەوە ئەمە مانای ئەوەیە، ئەوانەی نێونجی نمرەیان لە نۆرم کەمتر بێت، ئێمە تەنها لەسەر بنەمای نامەی پشتگیری تەداخولیان بۆناکەین، لەبەرئەوەی، بڕیار لەسەر وەرگرتن دوای تەزکیە بە فلتەری نمرەکاندا تێپەڕێت لە کاتی مقابەلەدا، ئێمە لە ڕێنماییە گشتییەکان لانادەین..! بەوەدا تێگەیشتم من هیچ وەرناگیرێم، چونکە رێژەی کۆی نمرەکانم زۆر کەمتر بوو(٥٣٪) بەراورد بە قوتابییەکانی هاوڕێم کەمترینیان (٦٤٪) بوو، زووری بەرپرسی لقمان بەجێهێشت و دەرچووینە دەرەوە، بەڵام، بەندە بە دڵێکی تەنگ، خەمبار و شکاوەوە، ئاسان بەسەر و سیامەوە دیار بوو فەرموودەکانی عەلی سنجاری کاریان تێکردووم. تووشی (خیبە أمل) بووم....!! هێشتا لە حەوشەی بارەگای لق بووین، پێشمەرگەیەك هات و ناوی منی بانگ کرد، ئاوڕم دایەوە، وتی، کەرەمکە ژوورفە....!

کارگێڕ لقێک برامانە

چومەوە ژوورەوە، (کادرە لاوە)کە کاغەزی بەدەستەوە بوو، دەیخوێندنەوە و سەری هەڵبڕی و بەرووخۆشییەوە تەماشای کردم، لەوەئەچوو نامە پشتگیرییەکانی بەندە بەدەستیەوە بن، سێ نامەی (لقی٣ ، هێزی قەرەداخ و یەکێتی قوتابیان)م هێنابوو، خوالێخۆشبوو (عەلی سنجاری) ڕووی تێکردم و وتی: تۆ، لەم تەمەنەدایت و پێشمەرگەیت و ئەندامی پارتیت... ئێمە هەوڵی ناوازەت بۆ ئەدەین بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێیت، کاك فازڵ هەوڵت بۆ ئەدات..! لەوێدا زانیم ئەو کادرە ناوی کاك (فازڵ)ە..! ژوورەکەم بەجێهێشت، بەڵام، ئەمجارەیان بەچەشنێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو، هەستی (خیبە الامل) نەما و فڕی، هەستی (هیوای مسۆگەر – الأمل الواعد) جێگای گرتەوە....! هاوڕێکانم لە حەوشەکەدا چاوەڕوانم بوون بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ دهۆك... بەبێ دەربڕینی وشەی سەرزار، لەوەرچەرخانی سەروسیامەوە هەر هەموویان بەئاسانی تێگەیشتن...! لە (دهۆك)یش، ناوی (کاك فازڵم) هێنا، وتیان ئەو کادرە (فازڵ میرانی)یە، کارگێر لقە.....!! لیژنەی مقابەلە: ڕۆژی مقابەلەی کاندیدەکان، لیژنەی هەڵسەنگاندن، (ئەوەی لە یادم مابێت پێکهاتبوو لە: سەرۆکی لیژنە (هاشم تەها عەقراوی)، یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری پەروەردە یان مشرف تەربەوی بوو، بەڕێوەبەری پەروەردەی دهۆك (مەحەمەد حەویزی)بوو، بەڵام لە پرۆسەکەدا چالاك نەبوو، ئەندامی لیژنە (کامەران محمد ئەمین)، بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەندامی لیژنە (محمد سەلمان)، بەرسی لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

یەکەم ناو بانگکرا، خوا لێخۆشبوو (زاهیر عەلی مستەفا ڕۆژبەیانی)، ئەوکات بەرپرسی (ی.ق.ك) لقی کەرکوك بوو، نازانم بۆچی بانگکرایە ژوورەوە، ئایا وەك کاندید، یان بۆ ڕاوێژ وەرگرتن لەسەر کاندیدەکانی (کەرکوك و سلێمانی)..!؟ دووەم ناو بەندە بانگکرام، چوومە ژوورەوە، هیچیان نەوت تەنها ئەوە نەبێت، کاك کامەران محمد ئەمین بە ئیعجابەوە وتی: تۆ تەمەنت (١٦) ساڵانە، بەڵام، پێشمەرگەیت، ئەندامی پارتیت و ئەندامی یەکێتی قوتابیانی.. تەقدیمی دار المعلمین ئەکەیت؟ بەندە بە بەڵی وەڵامم دایەوە، ئیتر هیچیان نەوت و وتیان، باشە فەرمو، تەواو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر قوتابی تەقدیمیان کردبوو، نزیکەی (٢٥) هێندەی ژمارەی پێویست، لەبەرئەوە کاری لیژنەکە بۆ دەسنیشانکردن ئاسان نەبوو، بەڵام بە پێی هەموو بۆچوونەکان، بەندە مسۆگەر وەرگیرابووم، تەنانەت وەك هەواڵ تەسریب کرا و لەناو کاندیدەکاندا قبوڵ بوونم بڵاو بووەو ...!!



کاژاڵ دەرویش/ ئەڵمانیا

پشتگیری لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

ئێمە وەك کوردانی دیاسپۆرا لە دەرەوەی وڵات بەبۆنەی سێهەمین ساڵۆگەڕی ڕیفراندۆم لە سێپتەمەری ٢٠١٧ دا لە باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەم ڕۆژە بەرز و پیرۆز ڕادەگرین، لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی سەرۆکی نەتەوەیی کورد بەڕێز مەسعود بارزانی و پارتە کوردستانییەکان ئەم ڕۆژە پیرۆزە هاتە دیاریکردن، لەم ڕۆژەدا کوردانی باشوور بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان دا، بێگومان ئەوە تەنها خواستی کوردستانیانی هەرێمی کوردستان نەبوو بەڵکو خواستی تەواوی کوردستانیانی دەرەوە و پارچەکانی تری کوردستانیش بوو .

ئێمەش وەك هەرنەتەوەیەکی تری ئەم دونیایە مافی ڕەوای خۆمانە ئایندە و خواستی نەتەوەیی خۆمان بەدەستی خۆمان دیاری بکەین، نەك لەدەرەوی ئیرادەی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دی بڕیار لەچارەنوسی بدرێت، کوردستان لەو دابەشکارییەی پەیاننامەی سایکس پیکۆ و لۆزان کرایە چواربەش .

بەهۆی خواستی ڕەوای نەتەوەیی و مافی نیشتمانی و دیموکراتی بەردەوام کورد ڕووبەڕووی پاکتاوی ڕەگەزی دڕندانە بووەتەوە.

کورد بە ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و چەکی کیمیایی و سوتاندن و وێرانکردن وەڵامی خواستە نەتەوەییەکانی دراوەتەوە و تەنها لە سی ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کورد بوونەتە قوربانی لە باشووری کوردستان، نەتەوەی کورد لە هەرێمی کورستان کار بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتی و پێکەوەژیان و دادپەروەری و یەکسانی دەکات، لەم پێناوەشدا قوربانی زۆریاندواە، بەداخەوە حکوومەتەکانی عێراق بەردەوام بەرەنگاری کورد بوونەتەوە و هەمیشە ویستویانە کورد ژێردەستە بێت و چاوی لەدەستی حکوومەتی ناوەند بێت و بەردەوام بیانچەوسێنێتەوە.

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، کورد و حکوومەتی ناوەند لە سەر سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراق و زۆر لە یاساکان ڕێککەوتن کرا، بەڵام ئەوەی جێگای داخە حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەزۆرێك لەو ڕێککەتنانەی وەك بنەمایەك بۆ پێکەوەژیان کشاوەتەوە و پێوەیان پابەند نابێت، بۆ نموونە خۆدزینەوە لە مادەی ١٤٠ و ڕاپرسی لەسەر ئایندەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم .

لە ساڵی ٢٠٠٦وە حکوومەتی عێراقی بەهەموو شێوەیەك دژ بەم یاسا دەستوورییە وەستاوەتەوە و بە پێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە و یاسا و مادەکان وەستێنراون و زەمینەی لەبار بۆ ڕاپرسی ئەم ناوچانە ئامادە نەبووە، لەگەڵ بوونی ڕێککەوتنی ڕوون و ئاشکرا، بەڵام حکوومەتی عێراقی ئاستەنگی لە بەردەم مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراوە ئیداراییەکانی هەرێمدا دروستکرد.

حکوومەتی عێراقی لە ئەرکە یاسایی و دەستوری و ئابووراییەکانی بەرانبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم بووە و بەئەرکی خۆی هەڵنەساوە .

لە ڕوانگەی مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی کورد و تەواوی ئەو پێکهاتە و و کەمە نەتەوایەتییانەی لەکوردستان دەژین و مافەکانیان لەدەستور دەست نیشان کراوبوو، وەك چەکێك دژ بەهەرێم بەکار دەهێنران، بڕینی مووچە و بودجەی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە و نەنارذنی داوەدرمان و هاوکارییە تەندروستی و سەربازییەکان، عێراق ویستی سزای هەرێم بدات و کوردستانیانی هەرێم برسی بکات بەو یاسایانەی ئەوان دەیانویست .

لەشەڕی داعش سوپای عێراقی ناوچەکانی ناوەڕاست و بەشێك لە باکووری عێراقی ڕادەستی داعش کرد و چەك و تەقەمەنییەکانیشی بۆ داعش جێهێشت، داعش بەشێکی زۆری ناوچەی مادەی ١٤٠ی کەوتە دەست و کۆمەڵکوژی کوردی لێکرا و عێراق ئامادە نەبوو هاوکاریی سەربازی بە هێزی پێشمەرگە بدات. لە شەڕی داعشدا پێشمەرگە قوربانی زۆری بەخشی، کورد ئەیەوێ بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی و ژیانی خۆی بدات. کورد ئێستا لە کوردستان لەگەڵ پێکهاتەکانی تر دەژی بە ئازادی و دیموکراسی و لە بارودۆخێکی یەکساندا پێکەوە دەیانەوێت لە وڵاتی خۆیان لە کوردستان پێکەوە بژین. بۆیە لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧دا کورد لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە داوای ئازادیی خۆی کرد بەیەك دەنگ داخوازی کوردستانێکی سەربەخۆیان کرد.

ئێمەی کورد لە تەواوی دونیا پشتگیری ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئەم ڕۆژە پیرۆز ڕادەگرین .

هەروەها لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوەکانی دونیا دەخوازین پشتیوانمان بن و هاوسۆزی خواستە نەتەوەییەکانمان بن و هاوکاری گەڵی کورد بن لە شەرعییەتدانی نێودەوڵەتی بە دەرەنجامەکانی ڕیفراندۆم بەشێوەیەکی یاسایی، لە کوردان و کوردستانیانی کوردستان لە دیاسپۆرا دەخوازین هەمیشە ئەم یادە مێژوویییە بەرز و پیرۆز ڕابگرن و بکرێتە ڕۆژی نیشتمانی و چالاکی و فستیڤاڵی جۆراوجۆر ئەنجامبدرێن .

بژی کورد، بژی کوردستان

*ئاوەندی ڕەوەندی کورد لەدەرەوە.

محكمة تحقيق سنجار
اعلان عن مفقودة
فقد المدعوة (سالمة سالم محي قاسو) في مدينة سنجار بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وبعد خطفها من قبل عصابات داعش الارهابية ورغم البحث والتحري عنها لم يتم التعرف على مكان تواجدها ولم يعلم مصيرها فمن تتوفر لديه معلومات عنها اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة
القاضي / رياض فتحي خليل
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٥
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤١)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جلوبەرگی نەخۆش بۆ نە خۆ شخا نە کا نی (بلێ + مێر گە سۆ ر + چۆ م ان) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٧
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٩)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جلوبەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی ئافرەتان و لەدایکبوونی فێرکاری+راپەرین) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٤
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٢)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جلوبەرگی نەخۆش بۆ نە خۆ شخا نە کا نی (شە قڵا و ە + هە ر یر) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٨
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٨)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی دابین کردنی جلوبەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (فریاکەوتنی رۆژئاوا + پیرمام + نانەکەلی) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٤٠
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٣)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی(ئاشتی + لەدایك بوون لە سۆران) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٩
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٧)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی(رزگاری + فریاکەوتنی رۆژهەڵات + ئیمرجنسی) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٣٦
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٠)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی جل و بەرگی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی (هەولێر فێرکاری + دەروونی + فریاکەوتنی ناوەند) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە دابین کردنی پێداویستی پزیشکی و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر(التعهد الخطی) لە نێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوەبێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی راپەرین
بەشی بەدواداچوون
ژمارە/ ١٠٥/ت/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگاداری
بۆ/ رێبوار خدر صالح
ئاگاداربوون
داوات لێدەکەین کە لەماوەی ١٥ پانزە رۆژدا لە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامەدا لە بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بری ١٨٥,٦٤٠,٠٠٠ سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن و شەش سەد و چل هەزار دینار بەخاوەن قەرز دلێر خدر صالح بەپێی بریاری دادگای بەرایی رانیە ژمارە ١٧٢/ب/٢٠٢٠ کە لە ٢٠٢٠/٧/٢٧ دەرچووە. بەپێچەوانەوە بریاری ناوبراو بە زۆر جێبەجێ دەکەین.
بەرێوەبەر/ جێبەجێکاری داد/ عمر سمکۆ قادر
* * *

دادگای بەرایی رانیە
ژمارە/ ٦٤٩/ب/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگاداری
بۆ داوالێکراو/ محمداللە قندە محمود - ناونیشان چوار قورنە-قەندیل-شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا داواکار رەیان احمد عبداللە داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکر دووی کە تیایدا داوای بری ٤٤٠٠,٠٠٠ چوار ملیۆن و چوار سەد هەزار دیناری عیراقی دەکات وەکو مارەیی پێشەکی لەبەر ئەوەی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی قەندیل بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگادار کردنەوەت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی قەندیل بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٢ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاسایی ئامادەبیت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد
* * *

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات
ژمارە: ٤٥٣
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٣٠
جاردان سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٩ پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١/٢٩٩٠) کەرتی (٥٦ جدیدە زاب) بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارێتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بریارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
سامی حمد مجید
تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٥٧٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٧
ئاگاداری
بۆ/ دلشاد عمر رحمان
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بە جێ کردن، بریاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (تازیا اومر موسی) کە بری (١٨,٩٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار لەگەڵ بژێوی بەردەوام بەبری ٣٠٠,٠٠٠ هەزار دینار ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٨٠٤/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٢٨
جاردان
بۆ داوالێکراو دلشاد عمر رحمان
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٨٠٤/ش٢٠١٩/٢ وە لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٧ بریاریدا لەسەر التفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار تازیا اومر موسی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ئەفسەرانی پول بەختیاری بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/ طارق حسین کریم
* * *

کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی
هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٢٣٨٩/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٤
بۆ/ بەرێز (د. اسماعیل اسعد اسماعیل)
بەناونیشانی (مامۆستا)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر دەستبەکار نەبوونەوەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی نەخۆشی لە ٢٠٢٠/١٠/١ داوات لێ دەکەین بگەڕێیەوە سەرکار لە ماوەی (٧) رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی ماوەی ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگاداریمان لەیەکێك لەرۆژنامە فەرمیەکان، بەپێچەوانەوە دەستبەردار دەبیت لەکارەکەت بەپێی برگەی ٤ مادەی ٣٧ لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.
پ.ی.د. سیروان عارب صادق
ڕاگری کۆلێژ
* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٢٥١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگانامە
داواکار/ گۆران عمر علی
داوالەسەرکراو/ دەنگی علی عزیز
داواکار (گۆران عمر علی) داوایەکی بەژمارە (٦٢٥١/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (تەڵاقدان پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار .دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە ،وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١٠/٢٥) سەعات (١١:٠٠)ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە نائامادەیی (غیابی) داواکە ئەبینی بەپێی یاسا.
دادوەر/ محەمەد مصطفی رسول
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٦٥/ش/٢٠٢٠/١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣٠
جاردان
بۆ/داوالێکراو(سمیرا وهاب محمودی)
شوێنی دانیشتنی نادیارە
داواکاری هاوسەرت (فخرالدین عارف خالد) داوای ژمارە (١٠٦٥/ش/٢٠٢٠/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لە داواکە داوای (پەسندکردنی ئەم طەلاقە دەکات) کە لەبەرواری (٢٠٢٠/٢/٥) ئەنجام دراوە وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر گەرەکی شاوێس) بۆیە دادگا بریاریدا ئاگادارت بکاتەوە لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت بۆ ئامادەبوونت خۆت یان جێگرێکی یاسایی لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١١/١ کاتژمێر ٩,٠٠ بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/دیار محمد علی
* * *

دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ٣٠٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٧
جاردان
بۆ داوالێکراو (ازاد جمال عادل)
ئاماژە بەداوای ژمارە (٣٠٣/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (نوال جبار امین) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تفریق للهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی زەنگل بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لە بەرواری (٢٠٢٠/٩/٢٧) بەپێ راگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لەجیاتی خۆت رەوانە بکەی لە رۆژی دادگایی رێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢١) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکراو دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/مسعود سعید صدیق
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٢١/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٥٤٣٥١٤/هەولێر/ تایبەت) جۆری (تویوتا کامری صالون) مۆدێل (٢٠١٧) رەنگی (رەش) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سفری شکری محمد) لەرۆژی (٢٠٢٠/١٠/١٨) کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) شازدە ملیۆن دینار.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:١٣٧٧/ش/١/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٤/١٠/٢٠٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (تەنیا احمد صابر)
شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە:١٣٧٧/ش/١/٢٠٢٠وە لەبەڕواری ٢٠٢٠/٩/٢٩ بڕیاری دا بە جیابوونەوە تفریق القضائی بۆ هاوسەرت (کەلسوم عبداللە احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/گوندی دووسەرە بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی و تۆ مافی پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
* * *
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٤٥ / م / ٢٠١٨
ڕێکەوت: ٤/١٠/٢٠٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ ١- اورنینا خالد حنا ٢- اونیلا خالد حنا شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە.
داواکار (خالد حنا سبو) داوای ژمارە ٤٥ / م / ٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (قطع نفقە) ئەم دادگایە لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٠ بڕیاری کۆتایی بەپاشمەدەرکردووە بە (قطعی نفقە مستمرة) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری عشتار/ حدیاب بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکارداڕت لەماوەی یاسایدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای بەرایی رانیە
ژمارە/ ٢٧١/ب/٢/٢٠٢٠
بەرواری/ ٤/١٠/٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داوالێکراو/ کوسار محمد حسن- قە لا د ز ێ - فە ر ما نبە ر ا ن - شو ێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٩ لەسەر داوای داواکار امیر رسول علی لە داوای ژمارە ٢٧١/ب/٢٠٢٠ بڕیاری خۆی دەرکرد بە غیابی بە پابەندکردنت بەپێدانی بڕی ٣٦٠,٠٠٠ سێ سەدو شەست هەزار دینار لە بەرامبەر فرۆشتنی کاڵەك وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی فەرمانبەران، بۆیە دادگا بڕیاری دا بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە ئاگادارت بکاتەوە مافی نارەزایی و تانەلێدانت هەیە لە بڕیاری ئامادە بۆ کراو لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٤٨٩/ش/٣/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ١/١٠/٢٠٢٠
ئاگادارکردنەوە
بۆ داوالێکراو/ اسامە علی عبید
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار انوار عبد مصلح داوای ژمارە ٢٤٨٩/ش/٣/٢٠٢٠ی لەم دادگایە دەرهەق بە تۆمار کردووە، تیایدا داوای جیابوونەوە بەهۆی زیان-تفریق للضرر لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ئۆزال ستی- هەولێر دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دابینی دەرهەقت بەپاشمەلە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی بەشی یاسا
ژمارە/ ٣٨
ڕێکەوتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگاداری
ئاگاداری سەرجەم هاووڵاتیان دەکەینەوە کە وەبەرهێنەر صدرالدین محمد عبدالرزاق کە پڕۆژەی کارگەی پلاستیکی دەلتاس بە مۆلەتی ژمارە ٧٩ی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکات، ناوی پڕۆژە لە کارگەی پلاستیکی دەلتاس دەگۆڕێت بۆ کارگەی پلاستیکی الطاس هەر کەس و لایەنێك لاری هەیە لەسەر ناو گۆرینەکە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیهان بکات لەماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارکردنەوەیە.
سامان عارب صادق/ بەڕێوەبەری گشتی
* * *
سەروکاتییا باژێڕگانیا خانکی
املاك
ژمارە/ ٢٨٣/٣٣١/٣٢/٣٢
میژوو/ ٢٠٢٠/٩/٣٠
ئاگەهداری
لدویف و نفیسارا ڕێڤەبەریا یا باژێڕگانییێن پارێزگەها دهۆکێ/نەخشێن بنیاتی ژمارە ٤٣٢٥ ل ٢٠٢٠/٩/٢٨ و نفیسارا ڕێڤەبەرییا نەخشەدانانا ئافەدانی پارێزگەها یێ ژمارا ١١٥٤ ل ٢٠٢٠/٩/٢٧ سەبارەت نەخشە ڕوهنکری پارچە ئەردێ یا ژمارە ٤٢٥٣/١ کەرتێ ١٨ زینیات کو مولکیەتا وێ لسەر نافێ سەروکاتیا باژێڕگانیا خانکێ و گشت ڕووبەرێ وێ لدویف وینێ تومارى ٩ دونم و ٢١ ئولك ٢٧,٢٩م٢ ڕەگەزێ وێ خزمەت گوزاری لدویف نەخشێ ژمارە A٢٨٠ بۆ هەوە دیار دکەن ڕەگەزێ وێ گونجایە بۆ جیکرنا و ڕیناهییا ژ لایی ڕێکخراوا ئێزدی ئازاد قە ڕووبەری ٢٠٠٠م٢ دهیتە دان بو ڕێکخراوا ناڤبری ئەڤجا ئەڤ نەخشە ڕوهنکری دی هیتە ڕاگەهاندن و هەر کەسی پێشنیارەك هەبیت یان بەرهنکاری یەك لسەر وێ نەخشە ناڤبری هەبیت ژ هاوەلاتی و فەرمانگەهێن میری و جهێن پەیوەندیدار بلا داخوازێن خو ئاراستەی سەروکاتیا باژێڕگانی یا مە بکەن د ماوی ٣٠ ڕوژا دا ژ ڕوژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداری د ڕوژنامیدا و بەرێ نەخشە بهیتە پەسەندکردن ژ لایێ جڤاتا باژێڕگانیا مە ڤە هیڤیە دگەل ڕێزگرتنێ.
ئەندازیار/ حمود غربی حسن
سەروکێ باژێڕگانیا خانکێ
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٨٥٧/ش/٤/٢٠١٨
ڕێکەوت:٤/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (زانا صباح اسماعیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٤٨٥٧/ش/٤/٢٠١٨) بڕیاریدا لەسەر (تفریق للضرر) لەبەرواری لەنێوان تۆ و داواکار (دلسوز شیخ کریم عبداللە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری بێرکۆتی نوێ بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی مافی پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای باری کەسی شەقلاوە
ژمارە: ١٠٥/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٣٠/٩/٢٠٢٠
جاردان
بۆ/داوالێکراو(جۆلیا کوراکینا)
داواکار: (جیهاد محمد مولود) داوای شەرعی ژمارە (١٠٥/ش/٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە کەتیایدا داوای(تصدیق طلاق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری قەزای (شەقڵاوە/ دەربەند) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە بەم بڕیارە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە بۆت هەیە تانە لەم بڕیارە بدەی بە ڕێگای نارەزایی پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی کە ١٠ ڕۆژە وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/کەنار طاهر قادر
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٢٢/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٤/١٠/٢٠٢٠
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٦٢٤٧٨/هەولێر/ بارهەلگر) جۆری (داف) مۆدێل (٢٠٠٦) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (حسین کریم حسین) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢١) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (١٨,٠٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینار.
دادوەری یەکەم: دیار محمد علی
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٦٣٧/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٤/٩/٢٠٢٠
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (رشدیة محمد بربر) جهێ ئاکنجیبوونا وان نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاران (١- جلال احمد محمد ومحمد احمد محمد) ئەوا تێدا داوای مولکداریا (تملیك) خانووبەری ژمارە (٣/٧٩) کەرتێ ٩٠ کانی خشانا) وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسێن نوروز یا ژمارە (٢٩٢١) ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٩/٢١ وراپورتا هەلبژێری تاخێ برایەتی ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠٢٠/١١/٤ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر /عزیز محمد سعید
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠٦٢/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/٤/١٠/٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٥١٥/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (نارین حسن فضل الدین) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١٨٧١١٧٥٠) هەژدە ملیون وحەفت سەد ویازدە هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژادە کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٧٦٥٠٠٠٠) شێست وحەفت ملیون وشەش سەد وپێنجی هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥١٥/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H١٠ شوققا (١٨) قاتێ (٤) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوققا ژمارا (١٨) قاتێ (٤) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆرێت نشتنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٧٦٥٠٠٠٠) شێست وحەفت ملیون وشەش سەد وپێنجی هزار دینار ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٢٠١٩/١٧٧٨
ڕێکەوت/٤/١٠/٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٥٣٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/ نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (یاوز احمد داود) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٢٠١٥٢٠٠٠) بیست ملیون سەد وپێنجی ودوو هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژادە کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٧٦٥٠٠٠٠) شێست وحەفت ملیون وشەش سەد وپێنجی هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٥١٥/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا H١٠ شوققا (١٨) قاتێ (٤) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (عیارا ئاکنجیبوونێ بیك دهێت ژ (٧) قاتا شوققا ژمارا (١٨) قاتێ (٤) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆرێت نشتنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە جەنوب شەرق ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٧٦٥٠٠٠٠) شێست وحەفت ملیون وشەش سەد وپێنجی هزار دینار ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ژمارە/ ٣١٨٤/ش/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگادارکردنەوە بە بڕیار
داواکار/ ١- امینە حمید عبدالرحمن
پارێزەر/ احمد سرباز خالد
داوالەسەرکراو/ نبیل یونس محمد
پیشە: (کاسب) ناونیشان: (کانی سپیکە، گ/١٦٨ ك/٥٢ خ/٩، سلێمانی)
بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەت بە دەقی بریاری ژمارە ٣١٨٤/ش/٢٠١٨ کە لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی / دەرچووە لە بەرواری (نەخێر دابینی واتا بەرواری حەسم ٢٠٢٠/٩/٩.
دادوەر/ کامەران رسول سعید
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (TRIPLECABIN) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / نزار محسن حسن

ناڤ ونیشان / دهوك - سمیل

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٨٤٤٧٥٠

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
فەرمانگەی پارکی سامی عبد رحمان
هۆبەی یاسایی
ژمارە/ ٨١٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٧
بەکرێدان
فەرمانگەکەمان هەلدەستێت بە بەکرێدانی گەراجی ئۆتۆمبێل بەرووبەری ١٨٠٩م* کە دەکەوێتە تەنیشت چێشتخانەی داوا ٢ و یەك کۆشك بە رووبەری ٤٥م* لەگەل باخچەکەی دەوروبەری کۆشکەکە لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی سالی ١٩٨٦ ئەوەی ئارەزوومەندە بە بەکرێ گرتنیان باسەردانمان بکات لە فەرمانگەی پارکی سامی عبدالرحمن بەشی ژمێریاری بۆ وەرگرتنی زانیاری ودانانی بارمتەی یاسایی زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢نیوەڕۆ کە دەکاتە ٢٥ یەمین ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە دەست پێ دەکات کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگهێشتە لە ڕۆژنامەدا دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کەسەی کە گرێبەستەکەی بۆ دەردەچێت.
ڕێبین احمد حوێز
بەڕێوەبەری پارکی سامی عبدالرحمن / کاتی

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (E.K) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی فلتری ئاو/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناو و جۆری) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (E.K) بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی فلتری ئاو/ سنوردار) بۆ کۆمپانیای (AKA FITNESS) بۆ تەواوکەری خۆراکی وەرزشی/سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (M.G.D) بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (M.G.D) بۆ کۆمپانیای (PLATIN POINT)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەسەرکردنەوەی کتیبی گشتپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە شاری سلێمانیدا



ساسان دەرویش - هۆڵندا

بەپێویستم زانی لە یادکردنەوەی ساڵوەگەڕی سێیەم ساڵی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لاکردنەوەیەک لە بەرهەمی لاوێکی شاری سلێمانی و ڕۆژنامەنووسێك بکەمەوە، کە پێکهاتووە لە ١٩٤ لاپەڕە لە دووتوێی بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی نەخشێنراو بەئاڵای کوردستان، کە چەند کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانی بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو پرسە دەربڕیوە، ئەم کتێبە (گشتپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە شاری سلیمانیدا) لە ساڵی ٢٠١٧ دا چاپ و بڵاوکرایەوە بە تیراژی ١٠٠٠ دانە نووسەر کتێبەکەی پێشکەش کردووە بە ئیسماعیل بێشکچی بیرمەندو کۆمەڵناسی ناسراو و داکۆکیکاری سەرسەختی دۆزی ڕەوای کورد، لەلایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووسی چالاك و پڕ بەرهەم، زانیار سەردار قڕگەییەوە لە گەرمەی بانگەشەی پرسی ریفراندۆم لە شاری سلێمانی و لە نیو چین و توێژە گرنگەکانی ئەو شارە و نێو ناوەندی زانستی ئەکادیمی و نووسەران و ڕووناکبیرانی سلێمانیدا ساز و ئامادەی کردووە و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوی کردنەوە و پاشانیش لە دوو توێی کتێبێکیشدا بەم ناونیشانەی سەرەوە چاپ و بڵاوی کردنەوەو لەو کاتەدا و لە گەرمەی ریفراندۆمدا دەنگدانەوەیەکی باشی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە لە قۆناخێکی هێجگار گرنگ و هەستیاردا ئەم بابەتە و ڕووژێنرا و ناخەزان و دوژمنانی کورد ترسیکی گەورەیان لێ نیشتبوو بە هەموو جۆرێك لە هەوڵی پیلان و لە ناوبردنی ئەم پرسە چارەنووسسازە بوون و دژایەتییان دەکرد، لەو دەمەدا جەماوەری باشووری کوردستانیش دابەشی سەر دوو تەوەر ببوون و زۆرینە لەگەڵ بەڕێوەچوونی ریفراندۆم بوون و، هەندێکیشیان لاواز و بێبڕە و بێحەوسەڵە بوون و بە هەسیتیارییەوە و بەگومانەوە لە پرۆسەکەیان دەڕوانی، بەڵام زۆرترین کەس لە ڕۆڵەکانی گەلێ کورد بەشداریان کرد و بە دەنگی بەڵێ دەنگیاندا، لەو سەروبەندشدا زانیار قڕگەیی لە دۆخێکی هێجگار سەخت و پڕ مەترسیدار دا و لەنێو جەرگەی شاری سلێمانیدا ئەم پرۆسەیەی لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە وڕووژاند

لە سەرەتای ئەم کتیبەدا زانیار سەردار قڕگەیی نووسەر بەناوی (گەنگەشەی ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە شاری سلێمانییەوە) دەنووسێت:

دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ باشووری کوردستان، لە هەزری هەموو تاکێکی ئەم نەتەوەیەدا و بایەخ و گرینگییەکی لە ڕادەبەدەر پێویستی هەیە، دەستەبەرکردنی مافی سەربەخۆیی باشترین دەستکەوتە بۆ کوردستان و عێراقی عەرەبی لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەد ساڵی ڕابردوودا، نەتەوەیەك بە دەڕژایی مێژوو دەیان جار کۆمەڵکوژ کرابێت زەحمەتە جارێکی دی بتوانێ بە ئارامی لەناو عێراقێکی مەزهەبی و شۆڤێنی درێژە بە ژیان بداتەوە. سەربەخۆیی و ئەنجامدانی گشتپرسی تەنیا پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و، لە لایەن سەرۆك بارزانی و ڕۆژنامەنووس زانیار سەردار قڕگەیی دەڕێژە بە بابەتەکەی دەدا و دەڵێت: سلێمانی کە بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە شاری هەڵمەت و قوربانی دادەنرێت و شاری شێخ مەحمود و بابانییەکان و سەدان سەرکردە و شاعیر و بیرمەندی ناسراوی گەلی کوردستانە، پێکرا خەباتیان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا کردووە، هەمیشە ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت بۆ دەنگدان بە (بەڵێ) ڕۆڵێکی گرینگیان هەبێت بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندە و دەنگۆیانەی لە دژی خواست و ویستی خەڵکەکەی سلێمانی دەدرێن، ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرانەی کە هەرگیز ڕێگە نادەن دەستەبژێرێکی کەمی دەنگی نەشاز، دژی خواستی لەمێژینەی نەتەوەیی ئەوان بووەستێتەوە و لە سەنگ و قورسایی پرسەکە کەم بکەنەوە.

مامۆستا سەلام عەبدوڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات، پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە نووسیوە و هەڵسەنگاندنێکی ورد و زۆرباشی هەم بۆ بابەتەکە و هەم بۆ نووسەر زانیار قڕگەیی کردووە و کارەکانی بەرز نرخاندووە.

زانیار سەردار قڕگەیی، بەم پرۆژە و بەرهەمە ناوازەیە کارێکی هێجگار مەزنی بۆ خۆی تۆمار کردووە و لە مێژوویی نەتەوەییماندا لاپەرەیەکی زێرینی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا تۆمار کردوو. کە لەو قۆناغە پرمەترسیدارەی شاری سلێمانیدا کە ئیرهابییکی فیکری توند لە ئارابوە و چەندین بەرەی جیاجیا لە دژی پرۆسەی ریفراندۆم کاریان دەکرد و دژایەتی و هێرش و پەلاماری کەسانێکی وایان دەدا کە بانگەشەیان بۆ ریفراندۆم دەکرد زانیار قڕگەیی لەو سات و کاتەدا ئازایانە و بوێرانە ئەو کارانەی ئەنجام ئەدا، بەڵام زۆر زیرەکانە و هێمنانە و لەسەرخۆ و بەئەسپایی کارەکانی بەڕێکرد و توانی دەرئەنجام کتێبێکی ناوازەی گرنگ بخاتە بەردەستی خوێنەران و ئارشیفی نەتەوەییەوە. بۆیە جێی دەستخۆشی و ڕێز و سوپاسیکی زۆرە و هیوای سەرکەوتنی زیاتری لە کارەکانیدا بۆ دەخوازین، کە زۆربەی کارەکانی لەو شارەدا دەچێتە خانەی سەرکێشییەوە و بوێرانە و دڵسۆزانە ئەنجامیان دەدات و پەرۆشانە خزمەت بە ڕێبازی کوردایەتی و پارتی و بارزانی دەکات.

لەم کتێبەشدا نووسەر دیمانەی لەگەڵ ئەم کەسایەتیانە سازکردووە تاکو وەك بەڵگە و مێژوو بمێننەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان: (پرۆفیسیۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، پرۆفیسیۆر د. هۆگرشێخ مەحمود، پ.ی.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، دکتۆر عەبدوڵوەهاب چروستانی، زاهیر ئەحمەد سەوز نووسەر و چیرۆکنووس، سەلاح قیتوولی مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، دکتۆر مەحمود ڕەوێش زانای ڕەزمانسازی و خاوەن دکتۆراو دوو ماستەر، عەبدولقادر شکاك نووسەروڕۆژشنبیر، هونەرمەند عەلی کەریم، حەمەسالح سەعید نووسەروچیرۆکنووس، مەلاعەلی زمناکۆ پێشمەرگەو فەرماندە، ئازاد تۆفیق پارێزگاری ئێستای هەڵەبجە، کامیل ژیر ڕووناکبیری نەتەوەیی، مامۆستا ئەحمەد سەلامی خوالێخۆشبوو، ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی).









حەیدەر عەبدولڕەحمان

نووسەری سینەمایی(بورهان شاوی) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٧کتێبێك بەناوی (یەڵماز گۆنای) لەنووسینی ڕۆژنامە نووسی ئازربیجانی (حوسینۆف) لە دەزگای (ناوکا) لەمۆسکۆ بڵاو کرایەوە، بریتی بوو لەتەنها دیمانەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ سینەماکاری بەناوبانگی کورد (یەڵماز گۆنای) لەو کاتەدا کە لەزیندان بوو. ئەو کتێبە بروا پێکراوترین سەرچاوەیەکە کە دەربارەی یەڵماز گۆنای نووسرابێت، چونکە لەزاری هونەرمەند خۆیەوە وەرگیراوە. بۆ دیکۆمینت کردنی بابەتەکە کە گرنگییەکی مێژوویی خۆی هەیە، ئێمەش بەشێك لەو دیمانەیە دەخەینە ڕوو:

یەڵماز گۆنای

لە زیندان سەربوردەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە

***ناوی تەواوتان ؟**

- یەڵماز حەمید، دایکیشم ناوی (ئۆغلو بیتۆن) ە

***کەی و لە کوێ لەدایك بوویت ؟**

- لە یەکی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لەگوندی (ئینجە) بە دووری ٢٧ کم لە شاری ئەدەنە .

*** ئەی بۆچی هەندێك ساڵی لەدایك بوونتان بە ١٩٣١ لە قەڵەم دەدەن ؟**

-ئەوانە بە هەڵە داڕوونە .

***تکایە ئەگەر هەندێك دەربارەی منداڵیت و داهێنانەکانت قسەمان بۆ بکەن.**

- دایك و باوکی من هەردوکییان کوردن، دایکم لەبنەماڵەیەکی خوا پێداو بووە، بەڵام لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و لەگەڵ هاتنی قەیسەرییەکان رایان کردووە، باوکم بە پێچەوانەی ئەو لەبنەماڵەیەکی زۆر هەژار لە دایك بووە، لەهەرێمی لاویدا لەگەڵ دایکم یەکتریان خۆش ویستووە، لەترسی کۆمەڵگاو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو کاتە کە خۆشەویستییان بەلاوە گوناهێکی گەورە بووە، ئەو ناوە بە جێ دیڵن و لەگەڵ دایکم پەیمانی ئەوە بەیەك دەدەن کە لەشاری ئەدەنە بەیەك بگەنەوە.

ئیدی لەسەر ئەو پەیمانە لەوێ یەکتر دەبینننەوە و باوکم دایکم دەخوازێ، بەڵام چونکە زۆر دەست کورت و نەدار بوونە، دووچاری زەحمەتیەکی زۆر دەبن، بەڵام دوایی هەلو مەرجەکە بەشێوەیەکی دیکە دەسوڕێ و باوکم لەکۆمپانیای دەرەبەگێکی گەورە کاری دەست دەکەوێت و لەوی کار دەکات، ئیدی گوزەرانیان بەرەو باشی دەچێت، من ئەو کاتە تا تەمەنم گەیشتبووە حەوت ساڵی و باوکم ژنێکی دیکەی هێنا.

منداڵیم پڕ بوو لە بەختەوەری، بەڵام دوای ئەو قۆناغە ژیانم لێ بوو بەدۆزەخ، چونکە باوکم لەبەرچاوی ئێمەو بۆ خاتری ژنە تازەکەی، زۆر دڵ ڕەقانە لە دایکمی دەداو ئازاری دەدا، زۆر جارانیش ئێمەی بەو ناسکی خۆمانەوە بەدەر دەنا.

هەر کاتێ باوکم من و لەیلای خوشکمی (کە دوو سالان لە من بچووك تر بوو) بەدەر دەنا دەچووین لەژێر دارتوویەکەی بەر ماڵان دەخەوتین، بەڵام جارێکییان کە باوکم من و دایکم و لەیلای خوشکمی بەدەرنا، ڕوومان لەماڵی ئامۆزایێکی دایکم کرد لەئەدەنە، قەت ئەوەم لەبیر ناچێتەوە کە دایکم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا گەیشتینە ئەدەنە دایکم بەزمانی کوردی گۆرانییەکی غەریبی دەگوت و ئێمەش کە لە زمانی دایکم حاڵی نەدەبووین، بەڵام هون هون فرمێسکیان لەگەڵیدا هەڵدەڕشت، ئەو کاتە من درکم بەوە کرد کە ئەشکەنجەو ئازارەکانمان وا بەئاسانی کۆتاییان نایەت، بۆیە بەدەست خۆم نەبوو هەموو کات ئاواتی مردنم بۆ خۆم دەخواست .

ئیدی بەناچاری لەو تەمەنە ساواییەی خۆمەوە دەستم بەکار کردن کرد، بەتایبەت لەوەرزی میوەو لۆکە رنین لەکێلگەکاندا، هەتا دەگاتە کۆڵ هەڵگری، ئەو کاتە من هەم کارم دەکردو هەم دەمخوێند، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و سانەویشم تەواو کرد، بەڵام هەموو کارێکیشم دەکرد لەچەشنی تۆ فرۆشتن لە شەقامەکان و ڕۆژنامە پەخش کردن و بەقاڵی، دواتر ئامێرسازی دەزگا سینەماییەکان، بە تایبەت کەلو پەلەکانی کۆمپانیای (ئەند فیلم) و (کەمال فیلم) ئەو ئامێرانەم گوند بەگوند دەگێڕا و فیلمی سینەماییم پیشانی خەڵکی دەدا، هەندێ جاریش دەوری کۆمبارسم لەهەندێ لە فیلمەکاندا دەبینی .

ئینجا یەڵماز بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەتوانم بڵێم من بەو شێوەیە هاتمە دنیای سینەما .

*** ئەی پاشان لە کوێ خوێندنت تەواو کرد؟**

- ساڵی ١٩٥٦ چوومە کولێژی ماف لەزانکۆی ئەنقەرە، بەڵام چونکە لەپاڵ خوێندندا هیچ کارێکم دەست نەکەوت کە پێی بژیم، بۆیە بەناچاری دوای دوو مانگ زانکۆم بەجێ هێشت و ڕووم کردەوە ئەدەنە.

لەوێ لەکۆمپانیاییێکی بەکرێ گرتنی فیلم دەست بە کار بووم، لەساڵی ١٩٥٧ چوومە ئەستەمبوڵ و لە کۆمپانیای (دەزگای فیلم) دەستم بەکار کردن کرد، ساڵی ١٩٥٨ یش چوومە کولێژی ئابووری لەزانکۆی ئەستەنبوڵ، بەڵام پێش ئەوەی خوێندن تەواو کەم لە ساڵی ١٩٦١بۆ یەکەمجار دەستگیر کرام.

*** ئەی چۆن گەرایتەوە نێو نێوەندی هونەری؟**

- پێش هەموو شتێ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من خۆم بەقەرزاری دایك و باوکم دەزانم، دەڵێم باوکم چونکە ئەگەرچی ئەو پیاوێکی دڵ ڕەق بوو، بەڵام منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست، بە تایبەت من، بە بیرمە زۆر جاران لەگەڵ دایکم بەیەکەوە گۆرانی خەماوی کوردییان دەچڕی و دەردی غەریبی خۆیان هەڵدەڕشت، جارو بارێکیش لەگەڵ گۆرانیەکان ئامێری سازی لێ دەدا، هەندێ جاریش کە دراوسێ و خزمەکانمان باوکمییان بۆ ئاهەنگی خەتەنە کردنی منداڵەکانییان بانگ دەکرد، باوکم منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لەو کاتانەدا دڵم زۆر بەگۆرانیەکانی خۆش دەبوو.

دایکیشم زۆر جاران لەشەوانی دوورو درێژو ساردو سڕی زستانان چیرۆکی خۆشی لە ئەفسانەو حیکایەت خورافییەکان بۆ دەگێڕاینەوە، ئەو شەوانە ماڵمان پڕ دەبوو لەو دراوسێیانەی شەوان دەهاتنە ماڵمان، بۆگوێ گرتن لەچیرۆکە بەتامو چێژەکانی دایکم، ئەو کاتانە ئاواتی ئەوەم دەخواست، هەر هەموویان بنووسمەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەم نەبوو، بێجگە لەدایکم پیرەمێردێك بەناوی مام یەعقووب لەگوندەکەماندا هەبوو دەنگی لە گۆرانی گوتندا زۆر خۆش بوو، زۆر بەجوانیش ئامێری سازی دەژەنی، جارو بار شیعریشی دەنووسی، زۆر ببوو بەهاوڕێم و زۆر یەکترمان خۆش دەویست، ئەو فێری ئەوی کردم شیعر چۆن دەنووسرێ، بەڵام بۆ سینەما، من لەتەمەنی سێزنە ساڵییەوە هاتمە نێو دنیای سینەما، لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە بوم بەئیش پێکەری ئامێری سینەماو پاشانیش ئەکتەری کۆمبارس، ئا بەم شێوەیە ژیانی من بەرەو ئاقارێکی تر ڕۆیشت .

*** کەی دەستتان بەنووسین کرد؟**

-لە دووەم ساڵی قۆناغی سانەویدا قەسیدەیەکم نووسی بۆ پەخشنامەی سەر دیواری قوتابخانە، دەربارەی جوتیارێکی هەژار ی گوند نشین، کە ژنە نەخۆشەکەی لە گوندەوە دێنێتە شار بۆ چارەسەر کردن، کەچی پارەی دکتۆرو داوو دەرمانی نابێت، لە بریتی ئەوە کەڵەشێرێك بۆ دکتۆر دێنێ، کە بە نرختترین شتێك بووە لای ئەو، کەچی کاتێ دکتۆر زانییوویەتی پارەی نیە پیاوەکەو ژنەکەو کەلەشێرەکە بە یەکەوە فڕێ دەداتە دەرەوە .

سەرچاوەی بیرۆکەی فیلمی مێگەل – م لەو قەسیدەیەوە وەرگرتووە، کاتی خۆشی هەوڵم دا قەسیدەکە بڵاو بکەمەوە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کە گوایە چەپڕەوە بڵاو نکرایەوە، کەچی من کاتی خۆی ئەو قەسیدەیەم نووسی نەمدەزانی مانای چەپڕەوی یانی چی؟

لە ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٥٤ دەستم کرد بەبڵاو کردنەوەی وتارو چیرۆکەکانم و بەرهەمەکانم بەشێوەیەکی زۆر فرەوان لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە.

دیارترین ئەو چیرۆکانەش کە لەو کاتەدا بڵاو بوونەوە چیرۆکی (مردن بانگم دەکات) بوو کەباس لەخۆشەویستی دراماتیکییانەی کچ و کوڕێکی هەژار دەکات، ئەو کوڕەی کاری دەست ناکەوێت و ناتوانێت ژیانی خۆی دابین بکات، بۆیە بەناچاری کۆچ دەکات و کچەکەش لەداخان خۆی دەکوژێت و لەدوای خۆیدا نامەیەك بەجێ دێڵێ کە تێیدا نووسراوە (بۆ منت کوشت من بۆ ئەوە ژیانم خۆش دەویست تا لەگەڵ تۆدا بڕەو بە خۆشەویستی نێوانمان بدەین)

هەر لەو دەمەدا چیرۆکێکی ترم بڵاو کردەوە بەناونیشانی(هیچ کۆتاییەك بۆ سوکایەتی پێکردن لەئارا دانیە)

لەو چیرۆکەشدا باسی کەسێکم کردووە کە بەدوای کاردا دەگەڕێت، کەچی بەو هۆیەوە دووچاری کۆمەڵێ سوکایەتی پێکردن دەبێتەوە، بۆیە لەداخان خۆی لەپردێکی بڵند هەڵداوێ و خۆی دەکوژێت .

هەردوو ئەو چیرۆکانەم لە ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤاری (ئایتی ئۆفوکلار – ئاسۆی چاك) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو چیرۆکەی کە دەنگدانەوەیەکی زێترەی هەبوو چیرۆکی (سێ نهێنییەکە) بوو کە لە ژمارە ١٣ ی گۆڤاری (لێکۆڵینەوەی هونەریی) بڵاو کرایەوە، ئەم چیرۆکە ژیانی منی خستە قۆناغێکی ترەوە.

کاتێکیش ساڵی ١٩٥٧ هاتمە ئەستەنبوڵ، زیاتر لەسی وتارو چیرۆکم بڵاو کردەوە، ئەو کاتە بوو کە برادەرەکانم نازناوی (یەڵمازی چیرۆك نووس) یان بەمن بەخشی .

*من زۆر زۆر لە ڕۆمان و چیرۆکەکانتم خوێندۆتەوە فیلمەکانیشتم دیوە، ئاگاشم لە زەمینەی سیاسی تۆ هەیە، بەڵام پێم خۆشە لەو شتانە بگەم کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاستی هوشیاریت؟

-ژیان . یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا گەورە بووم، وای لێکردووم کە هەر لەمندالیدا هەست بەئینتیمای کوردانەی خۆم بکەم، چونکە من دەورو بەرەکەم بەتورکی ئاخافتونە، بۆیە لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە من زمانی دایك زمانی ڕەسەنی خۆم بەتەواوی نەزانیبوە، لەکاتی یاری کردنیشدا لەمندالّی، لەمانای جیاوازی چینایەتی گەیشتووم، چونکە زۆر جاران دایکم کە خزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندەکان و باوکم سەپانی ئەو دەرەبەگانە بوو، بەرماوەی خواردنی ئەوانی بۆ ئێمە دەهێنایەوە بیخۆین، بەڵام دواتر لە گەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە بۆ ئێمە ڕیسواییە.

قەت لەبیرم ناچێتەوە کە باوکم هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کە من خوێندن تەواو بکەم بۆیە زۆر جاران پێی دەگوتم: کوڕەکەم بڕۆ قوتابخانە تاتۆش وەك ئێمە نەبیتە کۆیلە، نەیدەزانی لەکۆمەڵگەی بورژوازی دا، هەر دەبێ ببیتە کۆیلە هەتا ئەگەر خوێندەواریش بیت .



ناگۆرنۆ قەرەباخ ...
هەرێمی ئاگر و ئاسن و خوێن

ئا: هەندرێن شێرزاد

چەند رۆژێکە جارێکی دیکە هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ بۆتەوە گۆڕەپانی شەڕ و کوشتار لە نێوان هەردووک سوپای ئەرمینیا و ئازەربایجان و سات دوای ساتیش ژمارەی قوربانیان روو لە هەڵکشان دەکات و لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سڤیل هەن. بە گوێرەی زانیارییەکان ، سوپای ئەرمینیا بەشێك لەو خاکەی وەرگرتۆتەوە کە لە ماوەی دوو رۆژی یەکەمی شەڕ لەدەستی دابوو ، هاوکات ئازەربایجانی بە بەکارهێنانی تۆپی قورس تۆمەتبار کرد ، لە لایەکی دیکەش ، بەهۆی شەڕەوە ئازەربایجان گەشتە ئاسمانیەکانی راگرت.

دەربارەی ناگۆرنۆ قەرەباخ

- ئەم هەرێمە ئەگەرچی لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناو خاکی ئازەربایجان و پایتەختەکەی شاری سیتبان کیرتە، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە لەژێر کۆنترۆلی ئەرمینیا دایە.
- نزیکەی ٢٧٠ کیلۆمەتر بەرەو رۆژئاوا لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانەوە دوورە.
- رووبەری هەرێمەکە ٤,٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و خاوەنی سروشتێکی شاخاوییە.
- ژمارەی دانیشتوانی ناگۆرنۆ قەرەباخ نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس دەبێ و ٩٥٪ یان ئەرمەنن.
- لە رووی ئابووریەوە هەرێمێکی هەژارە و زیاتر پشت بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومااڵت دەبەستێ.
- ساڵی ١٩٩٢ یەکلایەنە جیابوونەوەی خۆی لە ئازەربایجان راگەیاند ، بەڵام هیچ وڵاتێك – بە ئەرمینیاشەوە- ئامادە نەبوون دانی پێدا بنێن. دواتر لە مانگی ئابی ٢٠٠٢ هەڵبژاردنی تیادا ئەنجام درا.
- بە گوێرەی رای چاودێران ، ئەو شەڕەی کە ئێستا لەسەر ئەم هەرێمە لە نێوان سوپای دوو وڵاتی دراوسێ بەرپا بووە زیاتر وەك مللانێی هەژموون و دەسەاڵت و لە بنەڕەتدا شەڕی نێوان چەند هێز و وڵاتێکی ئیقلیمییە لە ناوچەکەدا.

هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

- یەکێتی ئەورووپا :هەموو دەستوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ رەت کردەوە.
- نەتەوە یەکگرتوەکان:داوای وەستاندنی دەستبەجێی شەڕی کرد.
- ئەمەریکا : داوای وەستاندنی شەڕ و ئەنجامدانی دانوستانی کرد.
- ڕووسیا : داوای لە لایەنە شەڕکەرەکان کرد دان بەخۆیاندا بگرن.
- چین : داوای گفتوگۆی سیاسی و ڕاستەوخۆی شەڕی کرد.
- ئەمەریکا : داوای وەستاندنی شەڕ و ئەنجامدانی دانوستانی کرد.
- تورکیا : لە ململانێکەدا بە ئاشکرا پشتگیریی خۆی بۆ ئازەربایجان پیشان دا.
- سعودیە: داوای وەستاندنی شەڕ و گرنتەبەری ڕێگای ئاشتی کرد.

ئاشتی کەنداو و ئیسرائیل بەردەوامی هەیە



یونس حەمەد -ئۆسلۆ



دوای کەمتر لە دوو مانگ لە ڕێککەوتنی نێوان میرنیشینی عەرەبی یەکگرتوو و ئیسرائیلدا پاشانشینی بەحرێن هەمان ئەو ڕێچکەی گرتەبەر و ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر زاری دۆناڵد ترەمپ ڕاگەیاند ، پاشانشینی بەحرێن یەکێکە لە بچووکترین دەوڵەتە دانپێدانراوەکانی جیهان و کۆی دانیشتوانی ناگاتە دوو ملیۆن و نیوەی زیاتری دانیشتووانەکەی کارکەر و بیانین و دوورگەیەکی بچووکی کەنداوە.. بەحرێن گەشە و ئاستی ژیانی ئابووری بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە یەکجار بەرزە و هەمیشە ڕووی لە گەشەکردنایە، بەڵام ئەوەی ترسە کە ئەم پاشانشینە لێی نیشتووە جوگرافیاکەیەتی کە لە نەخشەی دەریاوە دەکەوێتە باشووری گەورەترین وڵاتی ناوچەکە کە ئەمیش ئێرانە ، ئێران ئەگەرچی وەك ڕووکەش پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ پاشانشینی بەحرێن دا هەیە ، بەڵام هەمیشە لە کۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکاندا نایشارێتەوە کە بەحرێن بەشێکە لە ئێران ئەمەش بۆتە ترسێکی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ ئەم دوورگە بچووکە کە ساڵی ١٩٧١ لە ژێر فەرمانی بەریتانیای گەورە دامەزراوە، بەحرێن وەك وڵاتانی دیکەی کەنداو لە نەخشەیەکی جوگرافیای بەرتەسك و پڕ کێشەدایە و ئەگەر چی هاوڵاتیانی لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا دووچاری هیچ کێشەیەك نەبوونەتەوە ، بەڵام بەردەوام هەست دەکەن هەڕەشەیان لەسەرە هەڕەشەکانیش لە سەرەوەی باکووری دەریاوە بۆی دێت !.. دوای داگیرکردنی میرنشینی کوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە دواتر پەرەسەندنی جموجۆڵ و دەستێوەردانە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بە ئاشکرا میرنشینەکانی کەنداو هەستیان کرد کە هەڕەشەکان لەوان نزیك بۆتەوە بۆیە بە دوای ئەلتەرناتیڤی نوێدا دەگەڕێن بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی ڕوونتر بۆ وڵاتەکانیان ، ئەگەرچی تا ڕادەیەکی باش کەنداوییەکان پەیوەندییان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا بە واتا پەیوەندییان ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت لە ژێرەوە ئەو ئاڵوگۆڕە پەیوەندیانە هەیە ، بەڵام ئەمجارەیان وا بەباش زانرا ئاشکرابوونی خۆی ڕابگەێنێت ، ڕێککەوتنەمێژوویی و ئاشتیانەکەی میرنشینی عەرەبی و ئیسرائیل وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە پەیوەندییە ئاشکراکانی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابووری و دواتر ئەم کرانەوەی پەیوەندییانە بەردەوامی بەخۆی دا ، لەم ڕووەوە چ بەحرێن و زۆرانی دیکە لە دەوڵەتان خەریکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ دەوڵەتی عیبری .. کێشەی میرنشینەکانی کەنداو بەم شێوەیە ئاسان نیە کە خەڵکەکە لێی دەڕوانێت ، بەڵکو کێشەکان هەڵقوڵاون چ لە خاك یان میژوو یاخوود لە ئاستی سیاسیدا ، ئێران بە وتەی عەرەبەکان سێ دوورگەی لە میرنشینی عەرەبی داگیرکردووە (تونبی بچووك و گەورە و ئەبوموسا) ، لەملاشەوە بەحرێن بەهی خۆی دەزانێت ، وێڕای مللانێی ئاینی و ئاینزای مێژوویی نێوانی لەگەڵ سعودیای عەرەبی کە کێشەیەکی کۆنی ناوچەکەیە بۆ سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی هەم لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و هەمیش لە جیهاندا ، جا بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندییەکی تەندروست بۆ کەنداوییەکان لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە بە پاڵپشتی ئەمەریکا توانرا ئاستی پەیوەندیکردن نێوان واشنگتۆن و تەل ئەڤیڤ و ئۆرشەلیم لەلایەك و ئەبوو زەبی و دوبەی و مەنامە ولە داهاتووشدا ڕیاز و زۆر پایتەختی دیکەی کەنداو و عەرەب ئاسایی ببێتەوە،لەم ڕوانگەیەوە وەك ئەوەی دۆناڵد ترەمپ لە وتەکانیدا ڕۆژی هەینی ڕابردوو بە بێ ئەملا و ئەولا بە ئاشکرا گووتی: ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دەگۆڕدرێت و دەبێتە شوێنێکی ئارام و سەقامگیر ، بەمەش لە چوارچێوەی ئەو لێدوان و ئاخافتنە فەرمیانەدا بوون کە باس لە سەودای سەدەیان دەکرد ، هەروەها زیندووکردنەوەی پرۆژە میژووەکەی جۆ بایدن پاڵێوراوی دیمۆکراتەکان بۆ (وات هاوس)کە لە ٢٠٠٧ ئاماژەی پێ کرد .. ناوچەکە واتا ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاری دایە ، بەڵام چۆن و بەچ شێوەیەك ئەوە تا ڕادەیەك دیارە ، ئەوەی زۆر تێبینی دەکرێت ئەمجارەیان فەرەنسا هاوشانە لەگەڵ ئەمەریکا بە پێچەوانەی جاران کە بەریتانیای گەورە ڕۆڵەکەی دەبینی، ڕۆژئاواییەکان لە زووەوە بەدوای دەرفەتبوون بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان بۆ ناوچەکە ئێستاش ئەو پەیامانە زیاتر ڕوون بوونەتەوە بەوەی پێوستی بە زیاتری ئاشتی بەردەوام هەیە نێوان عەرەب بە گشتی و کەنداوییەکان بەتایبەتی ، چونکە لە ئایندەوە سعودیای عەرەبی وڵاتێکی گرینگی کەنداوە و سەرۆکایەتی ئەم جیهانە دەکات ،واتا جیهانی ئیسلامی.

مانشێت

دۆپچە ڤیلە:

لە شارۆچکەی ماریاخی ئەڵمانیا کەسێك بە بۆمبی ئاگرین هێرشی کردە سەر بنکەی پۆلیس و کلێسایەك و چەند کەسێك بریندار بوون.



ئۆبزێرڤەر:

پزیشکی کۆشکی سپی رایگەیاند هێشتا ترامپ قۆناغی گرانی تێپەڕ نەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان گەشبینن.




سکای نیوز:

وەزارەتی بەرگری ئەرمینیا رایگەیاند سوپای ئازەربایجان ستیبناکرتی دووەم گەورەترین شاری هەرێمی قەرەباخی بە چەکی قورس بۆمباران کرد.



یۆرۆ نیوز:

عومەر ڕەزازی سەرۆکوەزیرانی ئوردن دەستەلکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی پادشای وڵات کرد.



ئەی ئێف پی:

نووسینگەی داواکاری گشتی بەڵژیکا سێ کەسی بە تۆمەتی تێوەگلان لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی لە ڕواندا لە ساڵی 1994 دەستگیر کرد.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بارودۆخی نێوان تورکیا و یۆنان هێور بووەوە ، جارێکی دیکە هەردووك وڵات بڕیاری ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازیان دا.



بیبەری تووند مەترسی نەخۆشییەکی کوشندە کەم دەکاتەوە



لێکۆڵینەوەیەکی تازە دەیسەلمێنێت بیبەری تووند توانای هەیە کۆمەڵێك کێشەی تەندروستیی گەورە چارەسەر بکات، لە هەمانکاتدا مردنی زوو و پێشوەختە سنووردار بکات.

بە گوێرەی گۆڤاری ئەمەریکی بۆ نەخۆشییەکانی دڵ، بیبەری تووند (تیژ) کۆمەڵێك لە توخمی خۆراکی تێدایە کە بریتین لە ژمارەیەك ڤیتامین وەك B, C, PRO-A.

توێژەران لەو باوڕەدان توخمی چالاك کە بە (کابسیسین) ناسراوە مرۆڤ لو نەخۆشییەکانی دڵ و قەڵەوی دەپارێزێت. بەپێی تاقیکردنەوەکان (کابسیسین) خەسڵەتی بەهێزی دژە شێرپەنجەی هەیە و توانای لەناوبردن 40 جۆر خانەی شێرپەنجەیی هەیە بێ ئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر خانە سروشتییەکان هەبێت. هەروەها (کابسیسین) دژایەتی خانە شێرپەنجەییەکان دەکات لە ڕێگای وەستاندنی گەشەی خانەکان و دابەشبوونیان و کەمکردنەوەی دروستبوونی خانەکانی خوێن لە دەوروبەری برینە شێرپەنجەییەکان و بڵاوبوونەوەی لە بەشەکانی دیکەی جە ستە .

سەرەڕای ئەمە (کابسیسین) کۆلیسترۆڵ کەم دەکاتەوە بەوەش مەترسیی توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و دڵ سەکتەی کەم دەکاتەوە.

شارەزایانی تەندروستیی جەخت لەوە دەکەنەوە خواردنی 5 گرام لە تووی پێش خواردنی ژەمێکی دەوڵەمەند بە کاربۆهیدرات سەلمێنراوە کە هاوکار دەبێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ڕێژەی شەکر لە خوێندا و ناهێڵێت دوای ژەمەکە ڕێژەی شەکر بەرز دەبێتەوە بە شێوەیەکی زۆر.

بیبەری کردەوەی توندی هەیە و دەبێتە هۆی گەرمبوونەوەی لەش و هەستکردن بە سووتان لە کاتی خواردندا، بەڵام ئەم هەستە بە کاتژمێرێك نامێنێت.

پەینکردنی باخی زەیتوون و کاریگەرییەکانی



پێویستە دارەکانی زەیتوون بە پەینی ئۆرگانی و کیمیایی جۆراوجۆر پەین بکرێن بە پێی پێویستی دارەکان و بە بڕی هاوسەنگ و لە کاتی گونجاو و بە شێوازی نموونەیی، ئەوەش دارەکان بەهێز دەکات و توانی بەرگری بۆ کەشوهەوا زیاد دەکات و بەرهەمیش پتر و باشتر لەسەر دارەکە دابەش دەبێت و جۆرەکەشی پوختتر دەبێت وێڕای هەڵگشان لە ڕێژەی زەیتی دارەکان و تەمەنیشیان درێژ دەبێت.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون سەبارەت بە بەکارهێنانی پەین دەرکەوتووە، پەینی نایترۆجینی بەرهەمی زەیتوون زیاد دەکات و ئەو دارەش کاریگاری پەینی نایترۆجینی زیاتر لەسەر دەردەکەوێت بە بەراورد بە پەینەکانی دیکە بۆیە پێویستە ئەو پەینە دابین بکرێت بە بڕی پێویست بۆ باخەکانی زەیتوون کە ڕێژەی گوڵکردنی دار زیاد دەکات و لە ئەنجامدا بەرهەم زیاد دەبێت بە مەرجێك زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەم پەینە نەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردنێکی زۆری کۆمەڵە سەوزی دار بەوەش بەرهەم کەم دەکات.

بەرنامەی پەینکردنی دارەکانی زەیتوون

هەر 4-5 ساڵ جارێك پەینی ئۆرگانی بە بڕی 50 کگم بۆ هەر دارێك زیاد دەکرێت. بەڵام پەینی کیمیایی بە دوو وەجبە دەدرێتە دارەکان، 111-116 گم لە سوپەر فۆسفات و 100-150 گم لە سلفاتی ئەمۆنیا و 25-38 گم سلفاتی پۆتاسیۆم بۆ هەر 1 مەتر دووجا، لە نزیك قەدی دار بە تیرەی کۆمەڵەی سەوزی دارەکە. ئەو دارانەی لە قۆناخی بەرهەمهێنانن بە بڕی 4 کگم سلفاتی ئەمۆنیۆم و 1 کگم سلفاتی پۆتاس و 2 کگم لە فۆسفات بۆ هەر دارێك بەکار دێت.

سایلج سوودە خۆراکییەکەی و شێوەی دروستکردنی



سایلج یان سیلاج بریتییە لە ئالیکێکی سەوز پارێزراوە لە ڕێگای ترشاندن دروست دەکرێت بۆ ڕەشەوڵاخ وەك ئالیك بەکار دێت، هەرسکردنی ئاسانە و بەها خۆراکییەکەی بەرزە. ئالیکی سەوز و پاشماوەی بەروبوومی کێڵگەیی تەڕە دوور لە هەوا هەڵدەگیرێت بە شێوەك کە شێداری لە 65% کەمتر نەبێت، لێرەدا ماددە شەکرییەکانی نێو ڕووەك بۆ (ترشی لاکتیك) دەگۆڕێت کە وەك ماددەیەکی پارێزەر کار دەکات، سایلج بریتییە لە ڕووەکێکی سەوزی پارێزراو.

دەکرێت سایلج لە بەروبوومە ئالیکییەکان دروست بکرێت وەك گەنمەشامی و دەرە و پەڕەسپیلکە و جۆ بە هەموو جۆرەکانی و گوڵەبەڕۆژە بە مەرجێك ڕێژەی شێ تێدا لە نێوان 68-70% بێت.

گرنگی سایلج

- دابین کردنی ئالیکی سەوز لەو کاتانەی ئالیك نامینێت بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا.

- داکردنی ئالیکی سەوزی زیاد لە پێویست بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەوانەیە بگاتە ساڵێك یان زیاتر بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەکەیدا دابێت.

- پێشکەشکردنی ئالیکێکی هاوسەنگ بۆ ئاژەڵ بە درێژایی ساڵ.

- کەمکردنەوەی تێچووی داکردن چونکە سایلج بۆ داکردنی شوێنی گەورەی پێویست نییە بە بەراورد لەگەڵ ئالیکەکانی دیکە وەك کا و قەسەڵ.

- سایلج بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە چونکە بەشێکی زۆری (کارۆتین) پاریزراو دەبێت لەگەڵ کرداری وشککردنەوە.

- سایلج تامێکی ترشی خۆشی هەیە ئاژەڵ ئارەزووی خواردنی دەکات لە هەمانکاتدا وەك شلکەڕەوە بەسوودە بۆ ئاژەڵ بە پێچەوانەی کا.

ڕێگای ئاسایی ترشاندن بۆ دروستکردنی سایلج، ڕێگایەکی باوە تێدا کاربۆهیدرێتە تواوەکان لە ڕووەك بەهۆی بەکتریای ناهەوایی دەگۆڕێت بۆ ترشی لاکتیك بەهۆیەوە ژمارەی PH دەبێتە نزیك 4، ئەو ترشە لاکتیکە وەك ماددەیەکی پارێزەر کار دەکات و ڕێگە بە گەشەی بەکتریا و کەڕوو نادات.

تایبەتمەندی سایلجی باش بەها بەرز:

- بۆنێکی ترشی ویستراوی هەیە.

- ڕەنگی زەردێکی سەوز باوە، ڕەنگی ڕەش و قاوەی سووتاوی تێدا نییە.

- گەنیوو نیە.

- شێی سەرجەم پێکهاتەکە هاوسەنگە.

- تامێکی ویستراوی هەیە تاڵ و تیژ نییە.

چۆن سایلجێکی بەها خۆراکی بەرزمان دەستکەوێت:

-پێویستە دەست بە دوروێنەی بەروبوومە ئالیکییەکە بکرێت دوای پێگەیشتن تا پلەیەکی تەواو کە بەهای خۆراکی بەرزە.

- پێویستە ڕادەی شێی ئالیکە سەوزەکە دوای دروێنە بۆ 65% کەم بکرێتەوە ئەویش بە وشککردنەوە بە هۆی تیشکی خۆر بۆ ماوەی 2-3 کاتژمێر لە کەشێکی مامناوەندی، لە کەشی شێدار بۆی هەیە نیو ڕۆژ یان ڕۆژێکی تەواو لەبەر تیشکی خۆر جێ بهێڵدرێت.

- ئالیکە سەوزەکە دەکرێتە کەرتی بچووك بۆ ئەوەی لەکاتی خستنە پاڵەپەستۆ بێتە یەکەیەکی پتەو و نێوانیان کەمبێتەوە و هەوای ناویان نەمێنێت بە خێرایی کەشێکی بێ ئۆکسجین (بارودۆخی بێ هەوا) بەوەش کرداری هەناسەدانی خانەکانی ڕووەك کەم دەبێت و چالاکی ئەنزیمەکانی سنووردار دەبێت.

- ئەگەر سایلج لە گەنمەشامی یان بەروبوومە گیاییەکان دروستکرا ئەوە بە ڕێژەی 5% یۆریای تێدەکرێت (5 کگم بۆ تەنێك ئالیك) بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی پرۆتین لە ئالیکەکە.

- پێویستە سایلۆکەی سایلج بە باشی و بە تەواوی داپۆشرێت بۆ ڕێگا گرتن لە بەرهەمهێنانی سایلجێکی گەنیوو.

- لەکاتی کردنەوەی سایلۆی سایلج بۆ بەکار هێنان پێویستە کونێکی بچووك بکرێتەوە و دوای وەرگرتنی بڕی پێویست ڕاستەوخۆ دادەپۆشرێتەوە و پاڵەپەستۆیەکی دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی هەوای پێ نەگات.

کاتی چاندنی تووی فەرەنگی و کاریگەری لەسەر بڕی بەرهەمی بەدەستهاتوو



تووی فەرەنگی یان فەراولە شێوەیەکی جوان و تامێکی خۆشی هەیە، لە جیهاندا بە میوەیەکی بەربڵاوی پڕ بەها خۆراکی دادەندرێت. یەکێکە لە بەروبوومە کێڵگەییەکان کە داهاتێکی ئابووری زۆری هەیە و دەکرێت بەرهەمەکەی زیاد بکرێت لە ڕێگای چاندنی لە کاتی گونجاودا لە مانگی تشرینی دووەم تاکو مانگی نیسان.

دەکرێت جۆری بەرهەم باش بکرێت لە ڕێگای گرنگیدان بە کرداری کشتوکاڵییەکان و قەڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشییەکان و پرۆسەی کۆکردنەوە و لە قوتوونانی بەرهەم و ساردکردنەوە و داکردن و گواستنەوەی بۆ بازاڕەکان بە نموونەترین شێوە.

تووی فەرەنگی بە شێوەی شەتڵ دەچێندرێت، شەتڵەکان لە مانگی ئاب و تشرینی یەکەم دەچێندرێن. باشترین کات بۆ چاندنی تووی فەرەنگی سەرەتاکانی وەرزی پایزە، بۆ ماوەی (3-5) ساڵ بەرهەمی دەبێت ئەگەر بارودۆخی ژینگەیی بۆ بڕەخسێت. دەکرێت تووی فەرەنگی لە باخچەی ناوماڵ و باخ و کێڵگەی فراوان و خانووی پلاستیکی بچێندرێت. لە هەمانکاتدا چاندن سەرکەوتوو دەبێت لە جۆرەها خاك بە مەرجێك ئاو ڕانەگرێت و گژوگیا و دەردی کشتوکاڵی و خوێی تێدا نەبێت، خاکی لماوی کە ئاو ڕانەگرێت بە باشترین جۆری خاك دادەندرێت بۆ چاندنی تووی فەرەنگی.

پێویستە سەرچاوەیەکی ئاوی بەردەوام بۆ پرۆژەکە هەبێت، لە سەرتای چاندن پێش گەیشتن بە قۆناخی بەرهەمهێنان دەکرێت بە شێوەی ڕشاندن ئاو بدرێت، بەڵام دوای ئەم قۆناخە پێویستە بە شێوەی دڵۆپاندن یان جۆگە ئاو بدرێت، چونکە ئاودان بە شێوەی ڕشاندن دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی کەڕوو لەسەر بەر.

زەویپە کشتوکاڵییەکان ئامادە دەکرێن بە تەختکردن و ڕێکستن و لەناوبردنی گژوگیا و زیادکردنی (100-200) کگم پەینی سوپەر فۆسفات بۆ دۆنمێك.

شەتڵی تووی فەرەنگی بە دەست دەچێندرێت دوای ئەوەی نقومی گیراوەی پاکژکەرەوەیەك وەك (فیتافاکس) دەکرێت بۆ ماوەی 20 خولەك بۆ پاراستنی لە گەنینی ڕەگ.

باشترین 10 گۆڵکاری نێودەوڵەتی لە مێژوودا

دوای ئەوەی، کریستیانۆ رۆنالدۆ، ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال، دوو گۆڵی لە هەڵبژاردەی سوید تۆمار کرد، کۆی گۆڵەکانی گەیاندە 101 گۆڵ، بەمەش تەنیا 8 گۆڵی ماوە بگاتە گۆڵکاری یەکەمی جیهان، کە ئەویش عەلی دایی، گۆڵکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئێرانە، کە خاوەنی 109 گۆڵی نێودەوڵەتییە. ڕەنگە رۆنالدۆ بە پێش دایی بکەوێت و ببێتە خاوەنی زۆرترین گۆڵی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی زۆربەی گۆڵکارەکانی دیکە ئێستا یاریی ناکەن و وازیان هێناوە. ریزبەندی باشترین گۆڵکارەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:-

1-عەلی دایی- ئێران- خاوەنی (109) گۆڵە لە (149) یارییدا.

2-کریستیانۆ رۆنالدۆ – پورتوگال- خاوەنی (101) گۆڵە لە (165) یارییدا.

3-موختار دهاری – مالیزیا- خاوەنی (86) گۆڵە لە (131) یارییدا.

4-ڤینریك پوشکاش- هەنگاریا- خاوەنی (84) گۆڵە لە (85) یارییدا.

5-جودفری چیتالۆ – زامبیا- خاوەنی (79) گۆڵە لە (111) یارییدا.

6-حوسێن سەعید – عێراق- خاوەنی (78) گۆڵە لە (137) یارییدا.

7-پێلێ – بەرازیل- خاوەنی (77) گۆڵە لە (93) یاریدا.

8-کونیشیجی کامامۆتۆ –ژاپۆن- خاوەنی (75) گۆڵە لە (76) یارییدا.

9-سونێل جیهتری – هندستان- خاوەنی (72) گۆڵە لە (112) یارییدا.

10-ماجد عەبدوڵڵا – سعودیە- خاوەنی (72) گۆڵە لە (140) یارییدا.

ڕەمزی میرەکانی



ئەگەڕێکی بەهێز بۆ دوورخستنەوەی تۆخێل



ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی باڵاوی کردۆتەوە، لیۆناردۆی بەرازیلی بەڕێوەبەری وەرزشی پاریس سان جێرمان ، پەنای بردۆتە بەر لابردنی تۆماس تۆخێلی ڕاهێنەری ئەڵمانی لەکارەکەی، پاش شەڕی لێدوانەکان لەنێوانیاندا لەکاتژمێرەکانی ڕابردوودا .

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، کاتێک تۆخێل بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند کە یانەکەی بەهۆی نەهێنانی هیچ یاریزانێک ئەستەمە بتوانن بگەنەوە یاری کۆتایی چامپیۆنز لیگ.

سان جێرمان لە وەرزی ڕابردوو هەموو پاڵەوانیەتییە ناوخۆییەکانی فەرەنسای بردەوە، هەروەها بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا گەیشتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ.

لای خۆیشیەوە لیۆناردۆ دژایەتی خۆی بۆ ئەو لێدوانانە دەربڕی، و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لێدوانەکانی تۆخێل ئیدارەیان تووڕە کردووە ، بە تایبەتی لە بەر ڕۆشنایی ئەو ماوە سەختەی کە جیهان بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بە قەیرانی ئابووریدا تێدەپەڕێ .

لە لایەکی دیکەیشەوە، رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئیدارەی پاریس سانجێرمان زۆر لە تۆخێل تووڕەیە و دەیەوێت دوای ئەو قسانە دووری بخاتەوە و بەهێزترین ڕاهێنەر بۆ شوێنگرەوەی ماسیملیانۆ ئالیگری ئیتاڵییە.

ڕۆژنامەی لکیپی فەرەنساش پێشبینی دوورخستنەوەی تۆخێلی کردووە و ئاماژەی بە ناوی ماوریسیۆ پۆچیتینیۆ کردووە کە ئێستا بێ کار و بێ یانەیە.

ئانسۆ فاتی نهێنی سەرکەوتنی ئاشکرا دەکات

ئانسۆ فاتی هێرشبەری بەرشەلۆنە ئەم وەرزە نهێنی پشت درەوشانەوە بەرچاوەکەی لەگەڵ بەرشەلۆنە ئاشکرا کرد، ئەوەش دوای ئەوەی وەك یاریزانی یەکەمی تیپ پشتی پێدەسپێردرێ.

فاتی لە دوو یاریی یەکەمی وەرزی یانەی بەرشەلۆنە لە لالیگا سێ گۆڵی تۆمارکرد و لە بردنەوەیەکی 4-0 بەسەر ڤیارڕیاڵدا دوو گۆڵی تۆمارکرد، پاشان بە بردنەوەیان 3-0 بەسەر سیلتا ڤیگۆ دا گۆڵێکی تۆمارکرد.

فاتی وێنەیەکی خۆی لە ئەکاونتی ئینستگرامەکەیدا باڵاوکردەوە و نووسیویەتی:»زاڵ بوون بەسەر بڕیارێکی جدی جگە لە پێگەی من، لە گرنگی کار و خۆبەخۆداگرتن تێگەیشتم، هەموو ڕۆژێك هەوڵم دەدا بەهێزتر بم بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات بۆ باشتربوون»

بەرشلۆنە لەم وەرزەدا فاتی لەتیمی یەکەمدا لەخۆدەگرێت ، لەگەڵ ئەوەی بڕگەی سزاکەی گرێبەستەکەی لە 170 ملیۆن یۆرۆوە بۆ 400 ملیۆن یۆرۆ زیادکردووە .

مۆبایلە شکاوەکەی سادیۆ مانی بووە جێی سەرنج

یاریزانانی بەناوبانگی تۆپی پێ هەردەم لە میدیاکان قێلا و ئۆتۆمبێل و کەل و پەلەکانیان دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، بەڵام ئەمجارە مۆبایلێکی شکاوی یەکێك لەو یاریزانانە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە.

بڵاوبوونەوەی وێنەی یاریزانی سێنگالی یانەی لیڤەرپوول لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگۆی زۆری نایەوە، سادیۆ مانی کاتێك ڕووبەڕووی پرسیارێك بۆوە کە بۆچی لەگەڵ هەبوونی ئەو داهاتە زۆرە هاندەکەی ناگۆڕێت؟ ئەو گوتی: من خاوەن وڵاتێکی هەژارم و لەبڕی کڕینی کەل و پەلی گرانبەها بۆ خۆم، لە وڵاتەکەم قوتابخانە و نەخۆشخانە دروست دەکەم.

ئەم لێدوانە بووە جێی دەسخۆشی خەڵك و کەسێك لە کۆمێنت نووسیویەتی: گەر هەموو کەس بیرکردنەوەیەکی هاوشێوەی سادیۆی هەبێت ئەوا لە هیچ وڵاتێك خەڵکی هەژار و کەمداهات بوونی نابێت.

کەسێکیتر وێڕای دەسخۆشی نووسیویەتی: ئەم کارە دەتوانێت وانەیەکی گەورە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بێت و ببێتە نموونە و سیمبۆل بۆ یاریزان، کەسانی بەناوبانگ و دەوڵەمەند.

ئا: ژیلا کەریمی

گرنگترین یاریەکانی ئەم هەفتەیەی هەڵبژاردەکان لە خەبات بخوێننەوە



ڕۆژی چوار شەممە:

کاتژمێر 9:45 : ئیسپانیا - پورتوگال

کاتژمێر 9:45 : ئەڵمانیا - تورکیا

کاتژمێر 9:45 : ئیتاڵیا - مۆڵدۆڤیا

کاتژمێر 9:45: هۆڵەندا - مەکسیك

کاتژمێر 9:45: سویسرا - کرواتیا

کاتژمێر 10:10: فەرەنسا - ئۆکرانیا

ڕۆژی پێنج شەممە:

کاتژمێر 7:15: ڕوسیا - سوید

کاتژمێر 9:45: بەلجیکا - کۆتدیڤوار

کاتژمێر 9:45: بۆسنە - ئیرلەندای باکور

کاتژمێر 9:45 : نەرویج - سڕبیا

کاتژمێر 9:45: سلۆڤاکیا - ئیرلەندا

کاتژمێر 9:45: ئایسلەندا - ڕۆمانیا

کاتژمێر 10: ئینگلتەرا - وێڵز

کاتژمێر 1:45 : ئۆرۆگوای - چیلی

کاتژمێر2:30: پاراگوای - پیرۆ

کاتژمێر 3:10: ئەرجەنتین - ئیکوادۆر

هەینی:

کاتژمێر 2:30: کۆڵۆمبیا - فەنزویلا

کاتژمێر 3:30: بەرازیل - پۆلیڤیا

گواردیۆلا.. خراپترین دەستپێک لە مێژوویدا



ڕۆژی شەممە، لە گەڕی چوارەمی پریمەرلیگ یانەی مانچستەر سیتی لەم وەرزەدا دوو خاڵی نوێی لە پریمەرلیگ لەدەستدا، دوای ئەوەی بەرامبەر بە لیدز یونایتد بەگۆڵێك یەکسان بوو.

سیتی بە ڕابەرایەتی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەر هەفتەی ڕابردوو دووچاری شکستێکی ڕیسواکەر هات بەرامبەر بە لیستەر سیتی (5 - 2) ، لە سێ یاریی یەکەمیدا 5 خاڵیان لەدەستداوە.

بەپێی سکای سپۆرت ، پیپ گواردیۆلا تەنیا 4 خاڵی لە نۆ خاڵ کۆکردەوە ، کە نزمترینە لەسێ یاریی یەکەمیدا لەوەتەی لەوەرزی 2008 / 2009 ەوە کاری ڕاهێنەریی لەگەڵ بەرشەلۆنە دەست پێکردووە.

شایانی باسە لەم وەرزەدا مانچستەر سیتی لەگەڕی یەکەمدا یاری نەکردووە ، چونکە پاش گەیشتنیان بەچارەکی کۆتایی چامپیۆنس لیگ پشوویان بۆ زیادکرا.

خەبات

ماسک بەستن

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

Mon.5 Oct. 2020 No.:(6016)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

فیلمی «گوڵەکان ناگەشێنەوە» لە قۆناغی مۆنتاژدایە و لەئایندەیەکی نزیکدا ئامادەی بڵاوکردنەوە دەبێت

خەبات:پەریهان عومەر



فلیمی گوڵەکان ناگەشێنەوە فیلمەکە بەرهەمی هاوبەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەندی گاڤ بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردی یە لەشاری سلێمانی، لوقمان غەریب سیناریۆ نووس و دەرهێنەری فیلمەکە لەم بارەیەوە بۆ خەبات گوت: لەمانگی دیسامبەری ساڵی ٢٠١٩ وە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم فیلمەین فیلمەکە لەجۆری فیلمی درێژی درامیدایە و ماوەکەی ٩٠ دەقیقە یە ،چیرۆک و ڕووداوەکانی ناوێتەن لە نێوان دوو میژووی جیاوازدا کە بۆ هەردوو ساڵی ١٩٨٨ و ٢٠١٢ دەگەڕێتەوە باس لە ئاسەواری مەرگەسات و ئازار و ئەندێشەی دوو خانەوادەی پاشماوەی هەردوو کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدەکات.سیناریۆی فیلمەکە بە تێگەیشتن و جۆرێکی جیاواز مەسەلەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەرجەستە دەکات و چیرۆک و بابەتێکی نوێ دەگێڕێتەوە ، دیارە ئەو کارەساتانە هەڵگری سەدان چیرۆکی مەرگەساتبار و تراژیدین کە هێشتا بەداخەوە هیچ کام لە بوارەکانی کەلتووریی بە تایبەت سینەما و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بەباشی خۆیان لەقەرەی نەداوە.

فیلمی گوڵەکان ناگەشێنەوە هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون تیادا بەشداریان کردووە، ئەوانیش: «عەلی کەریم ، بەهادین هەڵەبجەیی ، تەها داراغایی ، جەمیل ئەحمەد ، سازگار فواد» و هەریەک لە هونەرمەندانی ناسراو «ئاواز ڕەحیم ، عومەر عەبدوڵڵا قاچ ، سەرچڵ ڕەفیق ، حەسەن حەمەسالح ، ئاراز عەبدولڕەحمان و شاناز جەمال» و هونەرمەندای لاو و ئەستێرەی ئایندە «لاوە بێستون ، شێرا ڕێبوار و شیراز جەلال» و کۆمەڵێ هونەرمەندی تر،بینراوەکانی فیلمی «گوڵەکان ناگەشێنەوە» لەشارەکانی هەڵەبجە و دەربەندیخان و ئاوایی ڕێژنە و دێوانەی دەڤەری گەرمیان تۆمار کراوە .

ئەم فیلمە لەلایەن ستافێکی لاوی کوردەوە کاری تەکنیک و پرۆداکشنی بۆ ئەنجامدراوە « کامێرا و DOP - بەهەمەن سەلاح ، یاریدەدەری دەرهێنەر -نۆار لوقمان ، مایکاپ ئارتیست - لارا خەبات ، سکرێپ و کلاکێت - شایۆ یاسین ، درۆن و فلای کام - هاوڕێ بەختیار ، بەڕێوەبەری بەرهەم - محەمەد شوان ، مۆزیک - ژیار گۆران ، مۆنتاژ و مێکساژ - دیار خەسرەو ، ترایلەر - ژیر ، پرۆدێسەر - لوقمان غەریب».بڕیارە پاش تەواو بوونی کارە هونەرییەکانی ، فیلمەکە لە ڕۆژی سینەمای جیهانییدا لە مانگی دیسامبەر لە هۆڵەکانی سینەما لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و لەهۆڵەکانی تری شاری هەڵەبجە و کەرکوک و کەلار و دەربەندیخان و ڕانیە و قەڵادزێ نمایش بکرێت.



ماسکی چوونەژێر ئاو دەکرێتە ئامێری هەناسەی دەستکرد



لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا گەورەترین کێشەی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید19- لە نەخۆشخانەکاندا، کەمی ئامێری هەناسەدانی دەستکردبوو، بەڵام کۆمپانیایەکی وەرزشی فەرەنسی کێشەکەی چارەسەرکردووە.

دێکاتلۆن (کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەرهەمهێنان و بازاڕێکی گەورەی جیهانی کەلوپەلی وەرزشییە) بەڕێکەوت و بێپلان بووە بە یەکێک لە سیمبۆلەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەپێناو رزگارکردنی نەخۆش و ئەو پزیشک و کارمەندانەی لە ریزی پێشەوەی لەناوبردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاردەکەن. کۆمپانیاکە پێشتر ماسکی (Easybreath) بەرهەمهێنابوو بۆ ئەو کەسانەی دەچوونە ژێر ئاوەوە، زۆر سادەتر و بچووکتر لەو ماسکانەی پێشتر بەکارەدەهاتن. کلاودیۆ مانزۆنی، بەڕێوەبەری بارزگانی ئەلیکترۆنی و پەیوەندییەکانی دێکاتلۆن دەڵێت: «لەمانگی شوبات، هەستمانکرد زۆرترین داواکاریان لە هەموو لایەکەوە بۆ دێت بۆ کڕینی ئەو ماسکانە، بۆ ئێمە بووە جێی پرسیار و هێشتا وەرزی هاوین و مەلەکردن دەستی پێنەکردووەو ئەو هەموو داواکارییە بۆ؟ تا ڕۆژێک لە کۆمپانیای ئیسینۆقا (تایبەتە بە داهێنان و گۆڕانکاری ئامێرەکان) پەیوەندیمان پێوە کرا، کە ئەوان دەتوانن گۆڕانکاریی بەسەر شێوازی کارکردنی ماسکەکەدا بکەن و بیخەنە خزمەت کەرتی تەندروستی و هاوکارێکی باش دەبێت بۆ ئەو قەیرانە».



خەبات: کوردۆ تاقانە

شانۆیی چیرۆکی خۆشەویستی مەم و زین لە نووسینی یووسف مەنتک ،مەم و زین چیرۆکی خۆشەویستی لە نووسینی ئەحمەدی خانی، شانۆیی لاوانی پفالتزباو/ گرووپی مەهالای نێونەتەویی.

گرووپی مەهالا لە چەندین ئەکتەری نەتەوەی جیاجیا پێکهاتووە: کورد، عەرەب، سۆمالی، پۆلۆنی.....هتد نووسەر و دەرهێنەری ئەڵمان خاتوو لویسەریتس بەڕێوەی دەبات.

نووسین وەدەرهێنان: لویسە ریتس.
یارمەتیدەری دەرهێنەر: چۆمان بەهرام و تیرنیستینە ڕیکێرت. موزیک: تەیفوون ئاتەس. ڕووناکی: مارک لیڤڕۆڵد.
نواندن: پێشەوا- عومەر- لیبان- چۆمان- نیکۆڵا- مادلین- عیزەتوڵا- بیلە- یامی- خالد- تۆنی.

شانۆگەرییەکە چەند دیمەنێکی لەدەرەوە بە وێنەو فلیم گیرابوو لەسەر ڕووبارى ڕاین، کلاسی وێستگەی شەمەندەفەری شاری لودڤیگسهافن، سەنتەری شار بەرلینە پلاتس، بەردەم هۆڵی پفالتزباو.

زمانی شانۆگەرییەکە ئەڵمانی، چەند حیوارێک بەزمانی نەتەوەیی ئەکتەرانی بەشداربوو، گۆرانی و مۆسیقاو سەماکردن و جولە پانتاییەکی زۆریان لە شانۆکە بەرکەوتبوو.

سەرەتای شانۆگەرییەکە لەدەرەوەی هۆڵی شانۆ لەبەردەم پفالتزباو دەستپێکرد لەلایەن ئەکتەر چۆمان لە ڕۆڵی ئەحمەدی خانی بەگۆرانی کوردی، دیمەنی دەرەوە بەلەم وچادر لەژێر ئاوی نافووڕە بوو، وێنەیەک لە ژینگەی ژیانی کۆچبەران، ئەوەش وەک هاوسۆزی دەربڕین بۆ پەنابەرانی کەمپی مۆریا لە دوورگەی لیسبۆسی یۆنان، بەدەم گۆرانی گووتنەوە بەرەوە ناو هۆڵی شانۆ بینەرانی پەلکێشکرد.



دیکۆری شانۆکە ریزێک کورسی ئەکتەرەکان لەسەری دانیشتبوون، ئەکتەرێک لەسەر شانۆکە دانیشتبوو مۆسیقای ڕۆژهەلاتی دەژەنی، باکراوندی پشتەوەی شانۆ دیمەنی سووتاوی کەمپی مۆریا کێشرابوو. ئەحمەدی خانی لەناوەراستی شانۆکە لەسەر زەوی دانیشتبوو لەسەر سندوقێک دەینووسی لەپێشی سندوقەکە نووسرابوو ئازادی.

شانۆگەرییەکە هەمان ئەم جیاوازییە چینایەتییەی لە نێوان خێزانی دەست ڕۆیشتووی زین وخێزانی هەژاری مەم، قەدەغەی خۆشەویستی کچی خانەدانێک بۆ کورە هەژارێک و لەم نێوەشدا ڕۆڵی بەکرۆکەی بەدکار، فەزاو ڕووداوەکانی شانۆکە بوون، لە کۆتاییدا مەم و زین ژەهر دەخۆنەوەو کۆتایی بەژیانیان دێت، دواجار بەکرۆکەش ژەهر دەخواتەوە.

کەش وهەوای شانۆ بینەران کاریگەری پەتای کرۆنای پێوە دیاربوو، هەم لە ماوەی نێوان ئەکتەرەکان لەکاتی نواندنا، و هەم لە ئامادەبوونی ژمارەی بینەران.



چاویلکەیەکی ئەلیکترۆنی بەرهەمی شیری مانگا باشتر دەکات

لە کێڵگەیەکی دەرەوەی مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیا چاویلکەی پێشکەوتووی تەکنەلۆژی دەکرێتە چاوی مانگاکانەوە و بەرپرسان پێیان وایە ئەو تەکنەلۆژیایە دەبێتە هۆی زیادبوون و باشتربوونی جۆر شیرەکە. وەزارەتی کشتوکاڵی ڕوسیا ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم تاقیکردنەوەیە بڵاوکردەوە و هەروەها چەند وێنەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەردەکەوێت مانگاکان ئەو جۆرە چاویلکەیەیان لەچاو کردووە.

شایەنی باسە وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو ولاتە جەخت دەکاتەوە کە توێژینەوەی لەو بارەیەوە ئەنجام داوە و دەڵێت ژینگەی دەوروبەری مانگاکان کاریگەری گەورەی لەسەر بڕ و جۆری شیرەکەی هەیە ئەمەش وای لە بەخێوکەرانی ئاژەڵ و ئەو کەسانە کردووە کە کار لە تەکنەلۆژیا دەکەن بە هاوکاری پزیشکە ڤەیتەرنەرەکان و ڕاوێژکار و تایبەتمەند و پسپۆری بەرهەم هێنانی شیرەمەنی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن. دوای لەچاو کردنی چاویلکەکە مانگاکان وێنە و ڤیدیۆی کێڵگەکانی هاوین دەبینن کە پڕە لە سەوزە و کۆ و گیا و ئاو و ڕوبەرێکی زۆری سەوزای و وەک ئەوە وایە ژیانێکی نمونەی بێت بۆ مانگاکان. بەڵام ئەنجامەکە دەسپێکیەکان ئاشکرای دەکەن دڵە ڕاوکێی لەناو مانگاکان کەمی کردووە.

